# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٠٢) ساڵی بیست و سێ ١٨ نیسان٢٠٢٣زایینیی ٢٩ خاکەلێوە ٢٧٢٢ کوردی ٢٧ ڕەمەزان ١٤٤٤ کۆچی

302


| | |
|---|---|
| **یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢** | ١ |
| یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵەپێکردن لە هەرێمی کوردستان - عێراق | |
| **یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢** | ٥ |
| یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن وچاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ | |
| **ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** | ٧ |
| ڕێنمایی کردنەوەی تاقیگەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق | |
| **ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** | ١٣ |
| ڕێنمایی پشکێنەرانی چاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق | |
| **ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** | ١٩ |
| ڕێکخستنی بری بەرامبەر ساڵانەی بانەوانی (مساطحة) | |
| **ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** | ٢١ |
| هەمواری یەکەمی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی وتۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلی هاوردەکراو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ | |
| **ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٣ دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە** | ٢٣ |
| ڕێنمایی ڕێکخستنی ڕاوکردن | |
| **بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** | ٣٨ |
| تایبەت بە هێنانە کایەی گوندی (دارە ڕەش) | |
| **ڕێنمایی ژمارە (٦ و ٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** | ٣٩ |
| **بەیانی ژمارە (١٦ - ١٧ - ١٨ - ١٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** | ٤٠ |


ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

نرخی ١٥٠٠ دینارە

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٠٢) السنة ثلاثة وعشرون ١٨ نيسان ٢٠٢٣ م. ٢٩ خاكەلێوە ٢٧٢٢ ك. ٢٧ رمضان ١٤٤٤ هـ.

302


| | |
|---|---|
| **القانون رقم (٨) لسنة ٢٠٢٢** | ص |
| قانون ضبط البضائع المهربة والممنوع التعامل بها في إقليم كوردستان – العراق | ٤١ |
| **القانون رقم (١١) لسنة ٢٠٢٢** | ٤٤ |
| قانون التعديل الأول لقانون حماية وتحسين البيئة في إقليم كوردستان - العراق رقم (٨) لسنة ٢٠٠٨ | |

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| **تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** | ٧ |
| **تعليمات رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** | ١٣ |
| **تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد** | ١٩ |
| **تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية** | ٢١ |
| **تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ هيئة حماية وتحسين البيئة** | ٢٣ |
| **بيان رقم (٦) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية** | ٣٨ |
| **بيان رقم (٦ و ٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ٣٩ |
| **بيان رقم (١٦ - ١٧ - ١٨ - ١٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** | ٤٠ |


No. 302 Date: April 18, 2023 Vol.: 23

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٢٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

سعر ١٥٠٠ دينار

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمــارە (٨)ی ســاڵی ٢٠٢٣**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٢٣/٣/١ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵەپێکردن**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن:-

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.
**دووەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
**سێیەم: کاڵای قاچاغ**: هەر کاڵایەکە کە لە دەرەوەی یاسا و رێکسازییە کارپێکراوەکان لە هەرێـم، بەبێ جێبەجێکردنی پابەندیی ڕەسم و باجی گومرگی، هاوردە و هەناردە دەکرێت، یان هێنان و بردنی پێوەدەکرێت.
**چوارەم: کـاڵای قەدەغەکـراو**: هەر کـاڵایەکە کە بەپێـی یاسـا بەرکارەکـانی هەرێـم، لەڕێـگەی لایەنە پەیوەندیـدارەکانەوە مـامەڵە و ئـاڵوگۆڕ پێکردنـی لە بازاڕەکـانی نـاوخۆی هەرێمـدا، قەدەغە دەکرێت.
**پێنجەم: لیژنە**: ئەو لیژنە تایبەتمەندەیە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکدەهێندرێت.

**ماددەی (٢):**

هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە، دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گومرگەکان، دەسەڵاتیان هەیە بۆگرتنی:-

**یەکەم**: ئەو کاڵایـــانەی کە بـــۆ قاچـــاغیپێکردن ئامـــادەکراون لەگەڵ ئـــامرازی بەکارهـــاتوو لە گواستنەوەیاندا.

**دووەم**: کاڵای قەدەغەکراو لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیاندا.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ، لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ و بە ئەندامێتی نوێنەری هەر یەک لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، کاروباری پێشمەرگە، دارایی و ئابووری، بازرگانی و پیشەسازی، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، تەندروستی، دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی، پێکدێت.

**دووەم: لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:-**

١ -وەرگرتنی ئەو کاڵایانەی بەپێی حوکمی ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە گیراون.

٢ -خەمڵاندنی بەهای کاڵای گیراو، بەپێی نرخی بازاڕ، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣ -ڕادەستکردنی کاڵای گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار.

٤ -دەست بەسەرداگرتن و فروشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون، و بەهاکەیان لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمترە، و دابەشکردنی بڕی بەرامبەرەکەیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، و ڕەوانەکردنی ئەو کاڵایانەی بەهاکەیان لەو بڕە زیاترە بۆ دادگای گومرکی تایبەتمەند.

٥ -فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون، بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت، بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ئەگەر بۆ لیژنە یەکلایی بووەوە کە کاڵای قاچاغن یان بۆ قاچاغی ئامادەکراون.

٦ -فرۆشتنی ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو بە زیادکردنی ئاشکرا، بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار لە هەرێم، پاش ئەوەی حوکمی دەرچوو لە داوای پەیوەست بە کاڵای گیراو پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

٧ -ڕەوانەکردنی قاچاغچی و ئەو کەسەی مامەڵە بە کاڵای قەدەغەکراو دەکات و شوفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو و ئەوەی لەگەڵیاندا بەشداربووە، بۆ دادگای گومرکی تایبەتمەند، و لە ڕاگرتن ئازاد ناکرێن تاوەکو حوکمێکی بنبڕ لە داواکەیاندا دەرنەچێت.

٨ -خەرجکردنی پاداشت و ئەو بڕانەی لە هەردوو ماددەی (٥ و ٦)ی ئەم یاسایەدا هاتوون بۆ کەسانی شایستە، پاش ئەوەی حوکمەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

**سێیەم:** سەرۆکی لیژنە دەسەڵاتی پیادەکردنی حوکمی ماددەی (١٩٤/ یەکەم/ ب) لە یاسای گومرکی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)ی دەبێت، بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٤):**

ئەو کاڵایانەی بە قاچاغ هاوردە یان هەناردەکراون، و لە ماددەی (١٩٥/یەکەم)ی یاسای گومرکی بەرکاردا هاتوون، و بەهاکەیان (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار یان زیاترە ڕەوانەی دادگای گومرکی تایبەتمەند دەکرێن.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** هەواڵدەر و ئەو کەسانەی کاڵای قاچاغ یان قەدەغەکراو ئاشکرادەکەن یان دەیگرن، پاداشتێکی داراییان پێدەبەخشرێت، بە رێژەی (٢٠%) بیست لە سەدی بڕی بەرامبەر یان بەهای کاڵای دەستبەسەرداگیراو، دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕ لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە.

**دووەم:** پاداشتی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەپێی ئەم رێژانەی خوارەوە دابەش دەکرێت:-

١ -(٥٠%) پەنجا لەسەدی بۆ هەواڵدەر.

٢ -(٥٠%) پەنجا لەسەدی بۆ ئەو کەسانەی هەستاون بە ئاشکراکردن و گرتنی کاڵاکە.

**سێیەم:** لە حاڵەتی نەبوونی هەواڵدەر، تەواوی بڕی ئەو پاداشتەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە دەبەخشرێتە ئەو کەسانەی هەستاون بە ئاشکراکردن و گرتنی کاڵاکە.

**چوارەم:** رێژەی (٨٠%) هەشتا لەسەدی بەهای ئەو کاڵایانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستیان بەسەردا گیراوە، وەک داهاتێکی کۆتایی بۆ ژمێرەی گەنجینەی گشتی تۆماردەکرێت.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕی ئەو پاداشتانەی بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە خەرج دەکرێن، سەبارەت بەو کاڵایانەی لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەناو دەبرێن و شیاوی فرۆشتن نین، لەئەستۆ دەگرێت.

**دووەم:** وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، دەتوانێت بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکانی هەرێم، رەفتار بە کاڵای قاچاغ یان قەدەغەکراو بکات، بە هەناردەکردنیان یان لەناوبردنیان.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** بڕی بەرامبەرەکانی فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لای بانکێکی حکومی بە ناوی لیژنەوە ئەسپاردە دەکرێن، تا حوکمی داوای پەیوەست بەو کاڵایانە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

**دووەم:** دوای ئەوەی حوکمی دەرکراو لە داوای پەیوەست بەو کاڵایانەی دەستی بەسەرداگیراوە پلەی بنبڕ وەردەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە رەفتارکاری بەو بڕی بەرامبەرەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە ئەنجام دەدرێت:-

١ -ئەگەر حوکمدرا بە دەست بەسەرداگرتنی کاڵاکە، ئەوا بەپێی یاسای بەرکار لە هەرێم رەفتارکاریی لەگەڵدا دەکرێت.

٢ -ئەگەر حوکمدرا بە گەڕاندنەوەی کاڵاکە بۆ خاوەنەکەی، ئەوا بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە و ئامرازی گواستنەوەش بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێندرێتەوە.

٣ -سوودی بڕی بەرامبەری ئەو کاڵایەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە و لە بانکدا سپێردراوە، بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان تۆمار دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

دادگای گومرکی تایبەتمەند بە شێوەی خێرا دەڕوانێتە ئەو داوایانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**ماددەی (٩):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٠):**

وەزیری ناوخۆ بە هەماهەنگی وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١١):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (١٢):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بۆ ڕێگرتن لە قاچاغچێتی و لە پێناو دەستبەسەرداگرتنی ئەو کاڵایانەی مامەڵەکردنیان لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا قەدەغەکراوە، و بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئەو تاوانانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**

**٢٠٢٣/٤/٣**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمــارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٢٣/٣/١ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨**

**ماددەی (١):**

دەقی ماددەی (چل و دووەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت، وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**یەکەم:** لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەرسزایەکی توندتر کە لە یاسای دیکەدا دەقنووسکرابێت، هەرکەسێک سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە یان ئەو پەیڕەو یان ڕێنماییانەی بەپێی ئەم یاسایە دەردەچن، بکات، بە بەندکردن بۆماوەیەک کە لە (١) یەک مانگ کەمتر نەبێت یان بە پێبژاردنێك کە لە (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار کەمترنەبێت ولە (٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دووسەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە هەردووکیان، سزا دەدرێت.

**دووەم:** ئەو سزایەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقنوسکراوە، لەکاتی دووبارە گەڕانەوە بۆ تاوان، دەبێتە دووهێندە.

**سێیەم:** سەرۆکی دەستە یان ئەوەی ڕایدەسپێرێت لە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان وئیدارە سەربەخۆکان، ئەوانەی سەرپێچیەکەی تێیاندا ڕوویداوە، دەتوانێت هەر پێبژاردنێکی دەقنوسکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بسەپێنێت بەو مەرجەی لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی (٢)**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣)**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤)**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەبەر ئەو پێشهاتانەی لە دوای دەرچوونی یاساکە لە ساڵی ٢٠٠٨ هاتووەتە ئاراوە، و بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەو سزایانەی لە یاساکەدا هاتوون بەو شێوەی دەبێتە مایەی پابەندبوون بەحوکمەکانی، ئەم یاسایە دەرچووێندرا .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٢/٤/٣**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٦٨٣٥ لە ٢٠٢٣/٤/١٧**

پاڵپشت بە ماددەی ( ١٠٥) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و مادده (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ( ١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بە مەبەستی ئاسانکاری لەجێبەجێ کردنی ئەم یاسایانەی سەرەوە بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی کردنەوەی تاقیگەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

**هەرێم:** هەرێمی کوردستان

**وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان

**وەزیر:** وەزیری تەندروستی

**بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەکان لە وەزارەتی تەندروستی

**ماددەی (٢):** بەشەکان و ڕووبەری تاقیگا

**یەکەم:** ڕووبەری تاقیگا

أ. ڕووبەری تاقیگا دەبێت لە (١٠٠) م$^2$ کەمتر نەبێت و بە ڕێژەی (٧,٥) م$^2$ بۆ هەر کارمەندێک.

ب. شوێنی تایبەت بە شوشتن و تعقیم کردنی تیوبات و کەل وپەلی تاقیگای هەبێت و ڕووناکی و هەواگۆڕکێی باش هەبێت.

ت. ژووری تایبەت بە لێپرسراوی تاقیگا ئەگەر هەبێت دەبێت چاودێری کردنی بەشەکانی تێدا ئاسان بێت.

پ. ژووری تایبەت بە کارمەندان بۆ پشوودان هەبێت و هەواگۆڕکێی باش هەبێت.

ج. مەرجە تاقیگا کۆگای هەبێت بۆ کۆگا کردنی کەلوپەل و پێداویستی تاقیگا.

ح. ژووری پێشوازی و چاوەڕوانی نزیک بێت لە بەشەکانی تاقیگا بە تایبەتی ژووری وەرگرتنی نموونە.

خ. دانانی دەستشۆر و ئاودەست گونجاو بۆ کارمەندان، وە ئەگەر بکرێت تایبەت بکرێت بە پیاوان و ئافرەتان.

د. هەر بالاخانەیەک یاخود نەخۆشخانەیەکی تایبەت دەبێت تەنها یەک تاقیگای تایبەت بوونی هەبێت و نابێت تاقیگایەکی تری تێدا بکرێتەوە تەنها بە ڕەزامەندی تاقیگای پێشووتر نەبێت.

**دووەم: مەرجە هونەریەکان**

١ - بەرزی ژوورەکانی تاقیگا دەبێت لە (٢،٨٠) م٢ کەمتر نەبێت، دەرگای چوونە ژوورەوەی سەرەکی بۆ ناو تاقیگا پانیەکەی دەبێت لە (١،٢٠) م کەمتر نەبێت و دەرگای بەشەکانی ناو تاقیگا دەبێت لە (٩٠)سم کەمتر نەبێت.

٢ - دیواری تاقیگا دەبێت پاک کردنەوەی ئاسان بێت و دژە بەکتریا بێت (Epoxy) .

٣ - ئەرزی تاقیگا دەبێت دژە گیراوە ترش و خوێیەکان بێت و باشترە سیرامیک بێت.

٤ - کاوەنتەرەکان لە ماددەی دژە بەکتریا و دژە گیراوە ترشەکان دروست کرابێت و پانی کاوەنتەرەکان لە (٧٠) سم کەمتر نەبێت

٥ - سینگی دەست شۆری ئاوی گەرم و ساردی هەبێت

٦ - تۆڕی هەوا گۆڕکێی باش بێت و پلەی گەرمی تاقیگا دەبێت لەنێوان( C° ٢٢ -C° ٢٤).

٧ - کارەبای تاقیگا باش بێت و بە (UPS) بەسترابێت بۆ پاراستنی ئامێرەکان.

٨ - دانانی ئامێری چارەسەری ئاو (Reverse Osmosis System with UV) بۆ بە دەست هێنانی ئاوی پاڵاوتەکراو (Deionized Water).

**سێیەم: بەشەکانی تاقیگا**

١ - **خوێن وەرگرتن** Phlebotomy (Blood Draw)

٢ - ژووری وەرگرتنی نموونەکان (Phlebotomy (Blood Draw بە جیا بێت یاخود لەگەڵ ژووری چاوەروانی بێت رێگەپێدراوە، رووناکی و هەواگۆڕکێی باش بێت.

٣ - **نەخۆشیەکانی خوێن** Hematology & Coagulation

٤ - **کلینیکاڵ بایۆکیمستری** Clinical chemistry

٥ - **بەرگریزانی** Immunology

٦ - **سیرۆلۆجی** Serology

٧ - بەشەکانی (٢، ٣، ٤، ٥) دەکرێت بەیەکەوە بێت یاخود بە جیا بێت. سەبارەت بە کاوەنتەرەکان نابێت درێژی لە (٣٠)م کەمتر بێت وە بە گوێرەی جۆری کارەکەی بێت.

٨ - **مایکرۆبایۆلۆجی کلینیکی** (Clinical Microbiology)

مەرجە ئەم بەشە شوێنی تایبەتی خۆی هەبێت :

أ - رووبەرەکەی لە (١٥) م$^{٢}$ کەمتر نەبێت.

ب -کابینەی سەلامەتی (Biological safety cabinet CLASS II) بەگوێرەی جۆری کارەکەی، هەوا بەتاڵ کەرەوەی تێدابێت (Exhaust).

ت -درێژی کاوەنتەرەکانی لە (٤)م کەمتر نەبێت.

١ -**بانکی خوێن** (Blood Banking)**:** بۆ ئەم تاقیگایانەی کە لە ناو نەخۆشخانە تایبەتەکان دامەزراون، ڕێنمایی تایبەت بە بانکی خوێن جێبەجێ دەکرێت لەسەریان.

٢ -**شانەزانی و خانەزانی** (Histopathology and Cytopathology)

مەرجە ئەم بەشە شوێنی تایبەتی خۆی هەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

تاقیگای (**هیستۆپاتۆلۆجی**) و (**سایتۆپاتۆلۆجی**) دەبێت لەم بەشانەی خوارەوە پێک بێت:

**أ. پێشوازی** (Reception)

١ - ڕووبەری ڕێگە پێدراو بۆ ژووری پێشوازی دەبێت لە (١٦) م٢ کەمتر نەبێت.

٢ - دابین کردنی شوێنی تایبەت بە وەرگرتنی نمونەکان و تۆمارکردنی نموونەکان.

٣ - دابین کردنی شوێنی گونجاو بۆ چاوەڕوانی هاوڵاتیان و دانانی کورسی گونجاو.

**ب. ژووری گرۆس** (Grossing)

١ -ڕووبەری ڕێگە پێدراو بۆ ژووری (Grossing) دەبێت لە (٩) م٢ کەمتر نەبێت.

٢ -دانانی شۆرگەیەکی گونجاو بۆ ئەم ژوورە.

٣ -دانانی تەختەی کارکردن (Cutting Plates) بە قەبارەی جیاواز.

٤ -دانانی چەقۆ، ڕاستە بۆ پێوانە کردن، لەگەڵ بۆیەی ڕەنگ کردن (Staining Dyes). و دانانی ڕۆناکیەکی ڕێک و پێک لە سەر شۆرگە و ژووری (Grossing).

٥ -هەوا تازەکردنەوە (گۆڕین) ێکی باشی هەبێت.

٦ -مێز بۆ ڕاپۆرت کردن لە لایەن یاریدەرەوە.

٧ -دەتوانرێت کامیراو ئامێری تۆمارکردنی دەنگ دابمەزرینرێت بۆ ئەم ژوورە بۆ سوود وەرگرتن لە داتاکان (Optional)،

٨ -مەرجە لەم ژوورە بۆری ئاو بەردەست بێت، لە گەڵ شوێنی تایبەت بۆ پاشماوە پزیشکیەکان.

**ج. شوێنی پرۆسەکردن (Processing)**

هەموو پرۆسەکان دەتوانرێت ئەنجام بدرێت لە ژوورێکی (٢٠) م٢ کە لەمانەی خوارەوە پێک دێت:

**یەکەم:** شوێنی پرۆسەی هیستۆپاتۆلۆجی (Histopathology Part): بۆ پرۆسەکردنی نموونەی شانەی چەسپاو بە ماددەی فۆرمالین تا هەنگاوەکانی چەسپ کردن بە ماددەی پارافین.

أ. هەوا تازەکردنەوە (گۆڕین) ێکی باشی هەبێت لەگەڵ دانانی ئامێری ساردی و گەرمی گونجاو.

ب. دانانی مێز بۆ هەڵگرتنی و دانانی ئەم نمونانەی کە پرۆسەیان لە سەر دەکرێت.

ج. دانانی ئامێری مایکرۆتۆم (Microtome).

د. دانانی ئامێری (Histopathology water Bath).

هـ. دابینکردنی ئامێری نیشان کردن، دەستی یاخود دیجیتال (Slides Marking Equipment, Manual or Digital).

و. دانانی ئامێری فڕنی تاقیگەیی (Oven).

**دووەم:** شوێنی پرۆسەی سایتۆلۆجی (Cytology part):

أ. دانانی ئامێری سەنتریفیوج (centrifuge).

ب. دابینکردنی ئامێری نیشان کردن، دەستی یاخود دیجیتال( Slides Marking Equipment, Manual or Digital).

**سێیەم:** شوێنی بۆیەکردنی نموونەکان (Staining): دابینکردنی گۆزەڵە (Suitable Jar) بۆ پرۆسەی بۆیەکردنی نموونەکان کە دەگۆردرێت بە گوێرەی ئەم باسکێتەی بە کار دێت.

**چوارەم:** شوێنی ئەرشیف کردن (Archiving):

١ - دانانی دۆڵابی تایبەت بۆ هەڵگرتنی نموونەکان دوای ئەوەی کە نیشان دەکرێن و زانیاران لە سەر دەنووسرێت.

٢ -پێویستە ئەم شوێنە هەوا تازەکردنەوە (گۆرین) ێکی باشی هەبێت.

**د. ژووری پزیشک** (Doctor’s Room)

١ - قەبارەی ژوورەکە گوونجاو بێت بە گوێرەی ژمارەی ئەم پزیشکانەی کە لەم ژوورە دادەنیشن (٢) م٢ بۆ هەر پزیشکێک.

٢ - دانانی مایکرۆسکۆپ، وە کۆمپیوتەر و سیستەم راپۆرت کردن.

٣ - تەرخان کردنی ژوورێک بۆ پشکنینی نەخۆش و وەرگرتنی نموونەی FNA.

**هـ. کۆگا (Store) :** کۆگا بە قەبارەیەکی گونجاو بە گوێرەی پێویستی تاقیگایەکە، پێویستە ئەم شوێنە هەوا تازەکردنەوە (گۆرین) ێکی باشی هەبێت.

٩ -تاقیگای بۆماوەیی Molecular Diagnostics (Genetics Laboratory): نەخشەسازی تاقیگای جێنێتیکس (Genetic Laboratory Design) رەنگە جیاواز بێت لە تاقیگایەک بۆ تاقیگایەکی تر بەپێی شێوازی بەکارهاتوو (Methods Used). بۆ نموونە تاقیگایەکی سێ ژووری رەنگە نموونەیی بێت ئەگەر هاتوو ئەم تاقیگایە (RT-PCR) بە کاربهێنێت لە بەر ئەوەی لەم حالەتەدا پشکنینی (Post-PCR) پێویست ناکات.

سەبارەت بە نەخشەسازی تاقیگای جێنێتیکس (Genetics Laboratory Design)، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە لە خۆ بگرێتەوە:

**أ.** تاقیگای جێنێتیکسی(Genetics Laboratory) نمونەیی پێویستە لایەن کەم لەچوار ژوور پێک بێت

١ -**ژووری ئامادەکردنی شلەمەنیەکان** Reagent preparation Room ، ئەم ژوورەیە کە شلەمەنی هەڵگیراو لێی ئامادە دەکرێت و پاشان دابەش دەکرێت بۆ چەند بەشی بچووکتر کە بتوانرێت سوودی لە وەربگیرێت و بە کاربێت، وە هەروەها تێکەلەی کارلێک کردن ئامادە دەکرێت. ئەم ژوورە دەبێت زۆر پاک بێت کە نابێت هیچ مادەیەکی بایۆلۆجی هەبێت وەک پوختەی DNA/RNA یاخود بەرهەمی (PCR) هتد.

٢ -**ژووری ئامادەکردنی نموونەکان** Sample Preparation Room، ئەم ژوورەیە کە جیاکردنەوەی ترشی ناوەکی (Nucleic Acid Isolation) لێی ئەنجام دەدرێت، وە نموونە جیاکراوەکان دەخرێتە سەر تێکەلەی کارلێک کردنی PCR (PCR Reaction Mixes). بە نموونەیی، ئەوها پەسند دەکرێت بۆ ئەنجامدانی هەنگاوەکانی جیاکردنەوەی ترشی ناووکی و خستنە سەر تێکەلەی کارلێک کردنی PCR لە ژوورێکی تایبەتی جیاکراو، بەڵام ئەم دوو هەنگاوە ئاساییانە ئەنجام دەدرێت لە هەمان ژوور بەل لە رووبەرێکی جیا لەبەر هۆی کەمی بۆشایی لە تاقیگاکان. لە گەڵ ئەمەشدا بە کارهێنانی Biosafety Cabinet لە کاتی ئامادەکردنی کارلێک کردنی PCR دڵنییای دەدات بە مانەوەی رووبەری کارکردن بە پاکی.

٣ -**ژووری زڵکردن** Amplification (PCR) Room ئەم ژوورەیە کە ئامێرەکانی PCR لێی داندراوە، وە گشت هەنگاوەکانی زڵکردنی (Amplification) تێدا ئەنجام دەدرێت.

٤ -Post-PCR Room ئەم ژوورەیە کە بەرهەمەکانی PCR پشکنینی بۆ دەکرێت بە هاوکاری ئامێری Gel Electrophoresis، Sequencing، Nested-PCR، هتد.

**ب. هەوا تازەکردنەوە (گۆڕین)** Ventilation، سورانەوەی هەوا لە نێوان ژووری پێش PCR و ژووری دوای PCR هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ پیسبوون لە تاقیگای جێنێتیکس کە تەکنیکی وا بەکار دێت بۆ دەستنیشانکردنی رێژەیەکی زۆر بچووک لە DNA/RNA. هەر ژوورەک لە تاقیگای جێنێتیکس دەبێت سوورانەوە و گۆڕینی هەوای بە جیا بێت وە پەستانی هەوا دەبێت بو هەر ژوورەک بە جیا رێکبخرێت. لە باری پەستانی ئەرێنی (Positive Pressure)، پەستانی هەوا لە ناوەوەی ژوور زۆرترە لە دەرەوەی ژوور بۆ رێگەگرتن لە گواستنەوەی مادده نەخوازراوەکان لە دەرەوە. لە لایەکی ترەوە باری پەستانی نێگەتیڤ (Negative Pressure) دەهێلێت هەوا لە دەرەوە بسورێت بۆ ناوەوەی ژوور وە لە هەمان کات دا ناهێلیت هەوا بگوازرێتەوە بۆ ژوورەکانی دەوروبەر لە تاقیگا. دەرگای ژوورەکان دەبێت بە داخروای بمینێتەوە بۆ مانەوەی پەستانی نیگەتیڤ. دەبێت پەستانی ژووری Pre-PCR بە شێوەیەکی کەم ئەرێنی بێت بۆ نەهێشتنی هاتنە ژوورەوەی هەوای پیس لە دەرەوە، لە هەمان کات دا دەبێت پەستانی ژووری Post- PCR بە شێوەیەکی کەم نەرێنی بێت بۆ هێشتنەوەی هەوا لە ژوورەکە وە نەهێشتنی گواستنەوەی ئەمپلیکۆنەکان لە نموونەکانی PCR. سورانەوەی هەوای ژووری Pre-PCR و ژووری Post- PCR دەبێت دەرچەی جیاوازیان هەبێت وە لە شوێنی جیا دوور لە یەک.

There should be slight positive pressure in the pre-PCR laboratory to prevent the entrance of contaminated air from outside, while the post-PCR laboratory should have a slight negative pressure to keep the air in and thus to prevent the escape of amplicons from the completed PCR samples. The ventilation of pre-PCR and post-PCR laboratories should be opened to different air channels and opened out from different locations.

**ج.** تیشکی سەروو وەنەوشەیی Ultraviolet (UV) Irradiation : تیشکی سەروو وەنەوشەیی UV کە DNA تێکدەشکێنێت زۆر سوودمەند دەبێت بۆ لابردنی DNAی پیس کە ڕەنگە رووبدات لە کاتی زیادکردنی نموونەی DNA (DNA Template). کەواتە تیشکی UV بە کاردێت بۆ خاوێن کردنی تەواو لە میکرۆب بۆ ژوورەکانی Pre-PCR. سەرچاوەی تیشکی UV دەتواندرێت لە سەقفی ژوور یاخود لە سەر مێزی کار کردن کە بە شێوەیەک بتوانرێت کۆنترۆل بکرێت بۆ کوژانەوە و پێکردن لە لایەن کارمەندەوە. لە کاتی بەکارهێنانی تیشکی UV، ئۆزۆنی پێکهێنراو بە UV دەبێت لابدرێت بە سیستەمی سورانەوەی هەوا.

The UV light source can be placed on the laboratory ceiling or bench and can be activated by a device on the exit door as the last person leaving the laboratory closes the outer door. If UV lights are used, UV-induced ozone must be removed by ventilation.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم: مەرجەکانی پاراستن و سەلامەتی بایۆلۆجی** (Biosafety & Biosecurity)

١ -دابین کردنی پێداویستی پاراستن لە مەترسی بەکارهێنانی:

أ - ماددە کیمیاییەکان.

ب -بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

ج -بەرکەوتنی ماددە تیشکدەرەکان.

٢ -ڕێگریکردن لە دزەکردنی پیسکەرەکان بۆ کۆگا و زێرابی دوور لە دەرەوەی تاقیگە.

٣ -دابین کردنی دەرگایەکی فریاگوزاری تایبەت بۆ چۆڵکردنی هاوڵاتیان لەحاڵەتی سوتانی بەش و یەکەکانی تاقیگا.

٤ -ڕوناککردنی دەرچوونی فریاگوزاری بە شێوەی خۆکار.

٥ -دانانی نیشانەکانی مەترسی چوونە ناو تاقیگاکە بۆ ئەو هاووڵاتیانەی سەردانی تاقیگا دەکەن.

٦ -ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە تەندروستی کارمەندانی تاقیگا کە ئەم خاڵانە لەخۆدەگرێت:

أ - تیشکدانەوە.

ب -کۆنترۆڵی نەخۆشی.

ج -پرۆگرامی کوتان.

**دووەم: مەرجەکانی سەلامەتی گشتی لە تاقیگادا**

١ -**کەرەستە و ئامرازەکانی سەلامەتی**

أ - پرژێنەر بۆ شوشتنی ماددەی کیمیایی یاخود خوێن لەسەر جەستەی کارمەندەکان.

ب -دابین کردنی چەند جۆرێک لە پرژێنەری پاک کەرەوە بۆ ئەوەی لەهەر ڕووداوێکی لەناکاو بەکاربهێنرێت.

ج -دانانی چاویلکەی سەلامەتی لەتاقیگە لە مەترسی بەرکەوتنی چاو بەماددە کیمیاییە مەترسیدارەکان.

٢ -**ئاگر کووژێنەوە:** تاقیگا دەبێت پرژێنەری ئاو بەکاربهێنێت بۆ کوژاندنەوەی ئاگر
تاقیگا دەبێت دوو جۆر ئاگر کووژێنەوە هەبێت:

أ - ئاگر کوژێنەوەی وشکی پاودەر.

ب -ئاگر کوژێنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

٣ -**کۆگا کردنی مادده کیمیاییەکان (گیراوەکان)**

دابین کردنی کۆگای تایبەت بە مادده کیمیاییەکان بۆ پاراستنی سەلامەتی ئەم کارمەندانەی لەم تاقیگایە کار دەکەن.

٤ -**مەرجەکانی ڕێکخستنی کارکردن**

أ -سنوردار کردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە تاقیگا پێشکەشی دەکات لە هەموو ئەو بەشانەی کە ئاماژەیان پێکراوە لەگەڵ دیاری کردنی کاتی کارکردن.

ب -سنوردارکردنی یەکە تەکنیکیەکان و لقە تایبەتمەندەکانیان و جێبەجێ کردنی ڕێوشوێنەکان.

ج -دیاری کردنی جۆری کارکردن بۆ ئەو پشکنینانەی ئەنجام دەدرێت لەهەموو بەشەکان:

١ - کارکردنی دەستی (Manual).

٢ - ئۆتۆماتیکی (Full Automated).

د -دیاری کردنی ئەو ئامێرانەی کاریان پێدەکات لەگەڵ تۆماری کاتی سازدانەوە بۆ (٣) مانگ جارێک لە لایەن کۆمپانیای دابینکەر.

ە. ڕاپۆرتی کۆتایی کە دەدرێتەوە بە نەخۆش دەبێت ئەم زانیاریانەی تێدابێت:

١ - ناوی سیانی نەخۆش ، تەمەن ، ڕەگەز، ڕێکەوتی وەرگرتنی نموونە.

٢ - ناوی ئەم پزیشکەی کە پشکنینەکانی ناردووە لەگەڵ ڕێکەوتی ناردنەکە.

٣ - ناونیشانی تاقیگا لەگەڵ ناوی خاوەنەکانی تاقیگا.

**ماددەی (٤): ئەرکەکانی خاوەن تاقیگای تایبەت:**

١ -پابەند بێت بە یاسا و سیستەم و ئەتەکێتی کارکردن.

٢ -ئەنجام دانی ئەم پشکنینانەی کە بۆی دیاریکراوە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و پابەند بوون بە نرخی پشکنینەکان کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دانراوە و هەڵواسینی لە تاقیگا.

٣ -ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتی لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر لەکاتی دەرکەوتنی هەر نەخۆشیەکی نامۆ لەکاتی پشکنینی نەخۆش.

٤ -پابەند بوون بە ڕێکاری پاک و خاوێنی و لەناوبردنی زبڵ و خاشاکی تاقیگا بەشێوەیەکی زانستیانە و بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت.

٥ -لەکاتی ئامادە نەبوونی خودی خۆی دەبێت کەسێک ڕابسپێرێت کە دەرچووی هەمان بەشی خۆی بێت لەشوێنی کاربکات تاکوو دەگەڕێتەوە، وەهەروەها ئەگەرهاتوو بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ ئامادە نەبوو لە تاقیگا دەبێت بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتی ئاگادار بکاتەوە.

٦ -هەر تاقیگایەک دەبێت دۆسیەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەبێت و ئەم زانیاریانەی تێدابێت:

أ - چەند کارمەندی هەیە و پسپۆریەکانیان چیە.

ب -لیستی ناوی ئامێرەکان و ژمارەی سریالەکەی( Serial number).

ج -فۆرمی داواکردنی پشکنینەکان (Request form).

د - فۆرمی راپۆرتی کۆتایی کە دەدرێتەوە بە نەخۆش.

ه - دانانی داتابەیسی ( Database) تاقیگا.

٧ -هەر تاقیگایەک ئەگەر بیەوێت بەشێک زیاد بکات دەبێت داواکاری پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی تەندوستی گشتی بکات تاکو دەرخستەی( کشف) یەکەم و دووەمی بۆ بکرێت و رەزامەندی بۆ وەربگیرێت لە لایەن وەزارەت.

لەکاتی جێبەجێکردنی مەرجەکانی سەرەوە، خاوەنی تاقیگا بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتی ئاگادار دەکاتەوە بە مەبەستی دەرخستە (کشف) کە لە دوو دەرخستە پێک دێت (سەرەتایی [ئەندازەی باڵەخانە]، کۆتایی [ئامێر و پێداویستیەکان])، لەکاتی نەبوونی مەرجەکان لەهەر یەک لەم دەرخستانە (کشف) مامەڵەکە دوادەخرێت بۆ ماوەی ٣ مانگ.

٨ -ساڵانە دەرخستە (کەشف) بۆ ئەم تاقیگایانە دەکرێت لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی تاقیگا.

**ماددەی (٥):**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت.

**ماددەی (٦):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وقایعی کوردستان) وە جێبەجێ دەکریت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٥٨٢٤ لە ٢٠٢٣/٤/٣**

پاڵپشت بە مادده (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی پشکێنەرانی چاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):** پێناسەکان:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق.

**دووەم : وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری تەندروستی لە هەرێم.

**چوارەم:** پشکێنەری چاو : ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی پشکنینی چاو بە ڕێگەی ئامێرەکانی پزیشکی پشکنینی چاو، و پێویستە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان دبلۆم بێت لەبەشی پشکنینی چاو یان تەکنیکی چاو.

**پێنجەم:چاویلکەساز :** ئەو کەسەیە کە کاری دروست کردن و ئامادەکردنی چاویلکە ئەنجامدەدات، و پێویستە خولی چاویلکەسازی تەواو کردبێت، و بەهیچ شێوەیەك نابێت کاری پشکنینی چاو ئەنجامبدات.

**ماددەی (٢):** مەرجی مۆڵەت پێدان:

١ - مۆڵەتی (پشکنینی چاو) لە لایەن وەزارەت دەدرێت دوای هێنانی پشتگیری سەندیکای کارمەندانی تەندروستی.

٢ -هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان دبلۆم لە بواری پشکنینی چاو بێت.

٣ -ئەندامی سەندیکا بێت و ساڵانە هاوبەشی ئەندامیەتی بدات.

٤ -دوای دەرچوونی لە کۆلیژ پێویستە ئەزموونی دوو ساڵی هەبێت ، و دەرچووانی پەیمانگا ئەزموونی سێ ساڵیان هەبێت، و لەکاتی پێویست دەکرێت خولیان بۆ بکرێت لە لایەن وەزارەت بۆ ئەوەی دەست بەکاربن لە کارەکانیان بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی.

٥ -پێویستە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٦ -لایەنی دەروونی و جەستەیی و ڕەوشتی باش بێت.

٧ -ئەو پشکێنەرانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دێن پێویستە یەکسانکردنی بڕوانامەیان بۆ کرابێت لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم یان هەر لایەنێکی پەیوەندیدار، و لەژێر مۆڵەتی پشکێنەری چاوی مۆڵەت پێدراو لە هەرێم کاربکات و دەبێت بەشێوەیەکی خۆبەخش بەلایەنی کەم (٣) سێ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا لە یەکێك لە ناوەندە تەندروستیە گشتیەکان کاربکات بۆ ماوەی (١) ساڵ .

٨ -پشکێنەری چاو دەتوانێت پشکنینی چاو و چاویلکە دروست بکات بەمەرجێك شوێنەکەی بەپێی پێوەرە زانستیەکان بێت و هەموو پێداویستیەکانی تێدا فەراهەم کرابێت بەپێی ماددەی پێنجەمی ئەم ڕێنماییە، و دەکرێت کەسێکی چاویلکەساز هاوکاری بکات لە دروست کردنی چاویلکە.

٩ -پشکێنەری چاوی مۆڵەت پێدراو شوێنکاری تایبەت بەخۆی دەبێت و تەنیا بۆی هەیە لەیەک شوێن کاربکات واتە مۆڵەتەکەی تەنیا بۆیەک شوێن بێت لە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەوە مۆڵەتی لێ وەردەگیرێتەوە.

١٠ -پیادەی پیشەکەی تەنها لە دوای دەوامی فەرمی بەبێت جگە لەوانەی فەرمانبەری حکومی نین یان خانەشینن .

١١ -دەرهێنان و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی سالانە لەسەرەتا هەموو ساڵێك دەبێت وە پێدانی ئەو بڕە ڕسوماتەی کە دەدرێت بە وەزارەت بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ژمێریاری وەزارەت دەبێت.

١٢ -بۆ کردنەوەی شوێنکاری چاویلکەسازی پێویستە هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکان.

**ماددەی (٣):** بۆ داواکردنی مۆڵەتی پیشە پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت:

١ - داواکاریەکی دەستنووس بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگاکە.

٢ - وێنەیەك لە بڕوانامەی کۆلیژ یان پەیمانگا بە پەسندکراوی.

٣ - پشتگیری گەرەك و شوێنی دانیشتن و کارتی زانیاری وە هەروەها کارتی نیشتیمانی .

٤ - کۆپی ناسنامەی تازەکراوی سەندیکا.

٥ - گرێبەستی شوێنی کارکردن.

٦ - پاکانەی باجی درامەت.

٧ - بۆ ئەو چاویلکە سازانەی کە خاوەنەکانیان پشکێنەری چاونین دەبێت خاڵی (٥ و٦ ) خاوەن چاویلکە سازەکە ئامادەی بکات.

٨ - (٦) شەش وێنەی تازەی پشکێنەری چاو.

**ماددەی (٤):** مەرجەکانی شوێنکاری پشکێنەری چاو:

١ -ڕووبەرەکەی لە ( ٢٠ ) بیست مەتر کەمتر نەبێت بە جۆرێک کە بتوانی پشکنینی چاوی تێدا ئەنجام بدرێت و دەکرێت شوێنی وەرشەو دروستکردنی جیاواز بێت.

٢ -ئەرزەکەی کاشی بێت و گونجاو بێت لە ڕووی تەندروستیەوەو و دابینکردنی شوێنێکی گونجاو بۆ دانیشتن و چاوەڕوانی هاووڵاتیان.

٣ -مۆری تایبەت بە خۆی هەبێت بە ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار .

٤ -بەرزی سەقفی شوێنەکە لە (٢٨٠) سم کەمتر نەبێت.

٥ -پێداویستیەکانی پشکنینی چاو و دروست کردنی چاویلکەی تێدابێت بە جۆرێک جێگەی ڕەزامەندی هاووڵاتی بێت.

٦ -پێویستە ئەو ئامێرانەی کە لە خوارەوە هاتووە بۆ نۆرینگە دابین بکرێت، یان هەر ئامێرێکی تازەتر و پێشکەوتووتر لە داهاتوودا دەتوانرێت بەکاربێت:

Chart Vision , (Far + Near)or LCD + Triale Case Frame + Examination Frame (Test Frame)Autorefactokeratometere + Lensometere + Retinoscope .

٧ -پێویستە ئەو ئامێرانەی کە لە خوارەوە هاتووە بۆ دروست کردنی چاویلکە بەکاربێت یان هەر ئامێرێکی تازەتر و پێشکەوتووتر لە داهاتوودا دەتوانرێت بەکاربێت:

Manual and Autoedger +Extractors +Regular Tools + Lensometere +Gover +Hearet or warmer + Drilling for manul edger +Drilling autoedger + chapel +scrisor

٨ -تابلۆی هەبێت و پێویستە ناوی چاویلکەسازی و پشکێنەری چاو بە ڕوونی دیار بێت، وە لە ژووری بازرگانی تۆمار کرابێت بۆ ئەوەی ناوەکە دووبارە نەبێتەوە.

٩ -دووری نێوان نۆرینگەیەك لەگەڵ نۆرینگەیەکی دیکە پێویستە بە لایەنی کەمەوە (٤٠) چل مەتر بێت.

**ماددەی (٥):** مەرجی چاویلکەساز:

١ -پێویستە شوێن کاری چاویلکە ساز پشکێنەری چاوی تێدابێت و مۆڵەتەکەش بەناوی پشکێنەری چاوەکەوەبێت چونکە چاویلکەساز دەرچووی پەیمانگا و کۆلێژی پشکنینی چاو نیە و لەهەمان کاتدا ئەندامی سەندیکا نین، تەنها دەرچووی خولی چاویلکەسازین .

٢ -پشکێنەری چاو لەگەڵ چاویلکەساز بەگرێبەست یەکتر پەیوەست دەکەن لەسەندیکای پەیوەندیدار و پشت ڕاست کردنەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی بۆ ماوەی یەك ساڵ و بۆی هەیە تازە بکرێتەوە بە بڕی ئەو پارەیەی پێکهاتوونە لەسەری بەڵام مانگانە کەمتر نەبێت لە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی.

٣ -هەموو بەرپرسیارێتی چاویلکە سازیەکە لەسەر ئەستۆی پشکێنەری چاوەکە دەبێت.

٤ -هیچ خولێك ئەنجام نادرێت بۆ دەرچوانی بەشەکانی تری پەیمانگا و کۆلێژی تەندروستی و پەیمانگاکانی دیکە بۆ گۆڕینی ناونیشان بۆ پشکێنەری چاو لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر پشکێنەری چاو لە کۆلێژ و پەیمانگاکان دەرچوون وە دامەزراون وە ژمارەیان زیاترە لە پێویستی هەرێم .

٥ -پزیشکی چاو نابێت چاویلکەسازی بکاتەوە.

٦ -پێویستە پشکێنەری چاو بڕوانامەی خۆی هەڵبواسێت لە شوێنی کارکردنی لەگەڵ مۆڵەتی کارکردنی.

٧ -هەموو چاویلکەسازێك دەبێت تۆماری سەردانی هەبێت بۆ نوسینی تێبینی و لیژنەی تەندروستی.

٨ -هەرکاتێك پشکێنەری چاو دەستبەرداری کارەکەی بوو لە شوێنی چاویلکە سازیەك پێویستە بەر لە (٢) دوو مانگ چاویلکەسازییەکە ئاگادار بکرێتەوە وە بە پێچەوانەوە.

**ماددەی (٦):** کۆگای هاوردەکردن و فرۆشتنی پێداویستیەکانی چاویلکەسازی:

١ -وەرگرتنی مۆڵەتی کۆگای فرۆشتنی چاویلکەسازی دەبێت کۆمپانیای هەبێت و تەنها بدرێتە پشکێنەری چاو و هەمان ڕێنمایی پێدانی مۆڵەت بۆ پشکێنەرانی چاو دەیان گرێتەوە .

٢ -کۆگای فرۆشتنی پێداویستیەکانی چاویلکەسازان تەنها بۆیان هەیە کەل و پەل بە کۆ یان بە تاك بفرۆشن بە چاویلکەسازی رێگە پێدراو (پشکێنەری چاو) بە هیچ شێوەیەک نابێت پێداویستی چاویلکە بفرۆشرێتە هاووڵاتیان.

٣ -پێویستە سەرجەم پشکێنەرانی چاو و چاویلکەساز پابەندی نرخ بن و نرخی پشکنین و دروست کردنی چاویلکە بە جۆرێك بێت بۆ خزمەتی هاوڵاتی بێت و جێگای ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی و سەندیکا بێت.

**ماددەی (٧):** کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت.

**ماددەی (٨):** ئەم رێنماییە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی (وقایعی کوردستان)وە جێبەجێ دەکریت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٤١٢٠ لە ٢٠٢٣/٤/٤**

پاڵپشت بە بڕگەی (٢)ی ماددەی (١٥) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:-

**ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێکخستنی بڕی بەرامبەر ساڵانەی بانەوانی (مساطحة)**

**یەکەم:** پێویستە هەر (٥) پێنج ساڵ جارێك پێداچوونەوە بە بڕی بەرامبەری ساڵانەی بانەوانی (مساطحة) بکرێت .

**دووەم:** ئەم پێداچوونەوەیەی لەخاڵی (یەکەم)ی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێکراوە لە لایەن لیژنەی خەمڵاندن ئەنجام دەدرێت کە لە ماددەی (٨) لە یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێکخراوە.

**سێیەم :**پێداچوونەوە بە بڕی بەرامبەری ساڵانەی بانەوانی لەسەر بنەمای سوودی پێشبینی کراوە بۆ ئەو (٥) پێنج ساڵەی داهاتوو لە گرێبەستەکە دەبێت لە دوای دەرهێنانی بڕی بەرامبەر کرێی ساڵانەی گرێبەستەکە و خەرجییەکانی نۆژەنکردنەوە و چاکردنەوەی پێویست و ڕەچاوکردنی باج و رسومات کە لە ئەستۆی بانەوانە (مساطح) لەگەڵ ڕەچاوکردنی شوێن و ڕووبەری زەوییەکە.

**چوارەم:** لە کاتی پێداچوونەوە پێویستە ڕەچاوی داهاتی گشتی بکرێت و مەرج نیە نرخەکە هەموو جارێك زیاد بکرێت بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکرێت کەم بکرێتەوە.

**پێنجەم :**پێداچوونەوە بە خەمڵاندنی گرێبەستەکانی بانەوانی (عقود مساطحة) بە بنبڕ هەژمار ناکرێت تاکو لە لایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند پەسەند نەکرێت ، و لەماوەی (١٥) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی کۆنووسی خەمڵاندن بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرێت و بڕیاری کۆتایش بە بنبڕ دادەندرێت.

**شەشەم:**لە ماوەی دیاریکراو لە خاڵی (٥)ی ئەم ڕێنماییە دەسەڵاتی تایبەمەند دەتوانێت داوا لە لیژنەی خەمڵاندن بکات بۆ دووبارە خەمڵاندنەوەی ، ئەگەر بڕی بەرامبەری خەملێنراو شایستە نەبوو ئەمەش بەپێی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٩) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١.

**حەوتەم :**پێویستە فەرمانگەی پەیوەندیدار ئاگاداری بانەوان (مساطح) بکات کە خەمڵاندنی نوێ ئەنجام دراوە پێش ناردنی کۆنووس بۆ دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆ پەسەند کردنی ، بانەوان (مساطح) مافی پەڵپی هەیە (حق الاعتراض) لە ماوەی دیاریکراو لە خاڵی (پێنجەم)ی ئەم ڕێنماییە بە داواکارییەکی نووسراو پێشکەش بە دەسەڵاتی تایبەتمەند بکات پێش پەسەند کردنی خەمڵاندنەکە.

**هەشتەم :** دوای پەسند کردنی پێداچوونەوەی خەمڵاندن لە لایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند پێویستە لەسەر بانەوان (مساطح) پابەند بێت بە دانی بڕی بەرامبەری ساڵانەی دیاریکراو لە دوای پێداچوونەوە ، بە پێچەوانەوە بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (١٥) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان -عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ جێبەجێ دەکرێت.

**نۆیەم:** دەبێت فەرمانگەی پەیوەندیدار هەڵبستێت بە هەموارکردنەوەی ئەوخاڵەی گرێبەستی بانەوانی (عقد المساطحة) بکات کە تایبەتە بە بڕی بەرامبەری ساڵانەی بانەوانیەکە بەپێی خەمڵاندنی نوێ.

**دەیەم:** بە ڕەچاوکردنی ماددەی (٣٦) لەیاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەسەر هەموو گرێبەستەکانی بانەوانی (عقود المساطحة) کە لەلایەن فەرمانگەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکرێت

**یانزە:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٩٨٥٦ لە ٢٠٢٣/٤/١٦**

**ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی وتۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلی**
**هاوردەکراو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابە دوای ڕێنمایی ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٢١ و ئاماژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان راوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەری گشتی گومرگ و کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ و بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک). بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** هەموارکردنەوەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٧) لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە ئۆتۆمبێلی بەکار هاتوو دەبێت ئەم کەمو کوریانەی خوارەوەی نەبێت .

١ -ژێر ئاوکەوتوو ، سوتاو و بڕاوە نەبێت .

٢ -شاسی بڕاوە نەبێت .

٣ -توکمەی دەرگا یان بانی بڕاو نەبێت

٤ -گشت ئێرباگەکانی پێش تۆمارکردن کار بکات .

**دووەم:** زیاد کردنی خاڵەکانی (٧ و ٨ و ٩ و ١٠) لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٧) لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

٧- لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان کۆمەڵگەی چاکردنەوەی ئۆتۆمبێل بەشێوەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت (public- private partnership) بە پشتبەستن بە پاشکۆی و لە ڕێنمایی گرێبەستە حکومییەکانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ دروست دەکرێت و دەبەسترێتەوە بەبەڕێوەبەری گشتی گومرگ لە وەزارەتی دارایی و ئابووری .

٨- لێژنەیەکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی ناوخۆ و داریی و ئابووری چوارچێوەی ئیداری و تەکنیکی ئەو کۆمەڵگەیە دادەڕێژن و بە بەیانێک بڵاودەکرێتەوە.

٩- هەمان لیژنەی هاتوو لە خاڵی (٨)ی سەرەوە هەڵسەنگاندن بۆ پڕۆژە پێشکەشکراوەکان دەکات و باشترین هەڵدەبژێرێ.

١٠- جێبەجێکاری پڕۆژە بە لایەنی کەم دەبێ ڕێژەی(٢٠%)ی داهات بداتە گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

**ماددەی (٢):** هەمواركردنەوەی ماددە(٩) خاڵی (٣) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٣- بڕوانامەی (COC) بۆ ئۆتۆمبێلی بە كارهاتوو دەبێت لەو وڵاتەی كە لێی هاوردەكراوە بۆ هەرێمی كوردستان یان لە خاڵە سنورییەكان بكرێت.

**ماددەی (٣):**

**یەكەم:** كار بە هیچ رێنمایی و بەیان و بڕیار ونووسراوێك ناكرێت دوای كەوتنەبەركاری ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە: ٧٠٤ لە ٢٠٢٣/٤/١٧**

بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١٠)ی یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەمواركراو ، و ماددەكانی (٣١ و ٤٥ ) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی ڕێکخستنی ڕاوکردن**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانجەکان**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

مەبەست لەم زاراوانەی هاتووە واتاکانیان بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

١ -**هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢ -**دەستە**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم.

٣ -**گیانلەبەری کێوی**: ئەو باڵندەو ئاژەڵانەن کە لەدەرەوەی چاودێری مرۆڤ و لە سروشت و بەشێوەیەکی گشتی لەوشکانی و ئاوی و کەنارئاویدا دەژین، وەک شیردەرەکان، باڵندەکان، خشۆکەکان، دڕەندەکان بەگشتی،جۆرەکانی ماسی، ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەپاراستنی سیستەمی ژینگەیی لەو ناوچانەی تێیدا دەژین.

٤ -**ڕاوکردن**: دەستخستنی باڵندەوگیانلەبەری کێوی بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

٥ -**ڕاوچی**: ئەو کەسەیە بە پێی یاسا ڕێپێدراوە بە ڕاوکردن .

٦ -**پاراستەی سروشتی ژینگەیی**: مەبەست لە پاراستەی سروشتی ژینگەیی هەر ڕووبەرێك لە زەوی یان ئاوی دەگرێتەوە کە ڕەهەندێکی جوگرافی دیاریکراوی هەیە و سیستەمێکی سروشتی تایبەت لەخۆ دەگرێت، یان چەند زیندەوەرێك هاوژیانن لە سیستەمێکی ژینگەیی دیاریکراودا، هەندێکیان دوچاری هەڕەشەی لەناوچون و بنبڕبوون دەبنەوە، وە تێڕوانینی بۆ دانانی بەهای ئەو سیستەمانە لە لایەنی ڕۆشنبیری و زانستی و گەشت و گوزاری یاخود جوانی، وە بەمەبەستی پاراستن و بەردەوام بوونی سروشتی ژینگەیی پاراستنی یاسایی بەسەردا دەسەپێندریت .

٧ -**ئەنجومەنی کاروباری ڕاوکردن**: ئەنجومەنێکە پێکدێت لە سەرۆکی دەستە و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان بەمەبەستی ڕێکخستن و سەرپەرشتی کاروباری ڕاو بەگشتی لە هەرێمی کوردستان.

٨ -**هێزی تایبەتکراو بە پاراستنی ژینگە**: هەر هێزێکی نیزامی تایبەتکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێم بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٢): ئامانجەکان:**

١ -پاراستنی سروشت و گیانلەبەران و ڕەگەزەکانیان و شوێنی ژیان(حەوانەوە) و زۆربوونیان.

٢ -پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی سروشتی و ژینگەیی لە هەرێم.

٣ -ڕێکخستنی ڕاوکردنی گیانلەبەران بەهەموو جۆرەکانی و ڕێگریکردن لەڕاوکردنی بێویژدانانەی هەڕەمەکی و نایاسایی.

٤ -دانان و جێبەجێکردنی پلانی ڕاوکردن بەشێوەی دروستی زانستی.

**بەشی دووەم**

**ئەنجومەنی کاروباری ڕاوکردن**

**ماددەی (٣):**

بەپێی ئەم ڕێنماییە ئەنجومەنێکی هەمیشەیی پێکدێ تایبەت بە ڕێکخستنی کاروباری ڕاوکردن و ناودەبرێت بە (ئەنجومەنی کاروباری ڕاوکردن) هەڵدەستێ بەم ئەرکانەی خوارەوە:

١ - کۆبوونەوەی ئاسایی لەسەرەتای هەموو وەرزێک.

٢ - دیراسەو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی ژینگەی سروشتی ناوچەکانی هەرێم لە ڕووی ئەو بارودۆخەی ڕوو لە ژینگەی ناوچەکە دەکەن وەک (ووشکە ساڵی، ئاگرکەوتنەوە، شەڕو هەر حاڵەتێکی نەخوازراو کە کاریگەری بکاتە سەر ژینگە).

٣ - بڕیاردان لەسەر بەردەوامی مۆڵەتی ڕاوکردن یان ڕاگرتنی.

٤ - دیاریکردن و سنوردارکردنی (کات و شوێنی ڕاوی هەندێ لە گیانلەبەران) کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە بە پێی بارودۆخ و هەڵسەنگاندنی ژینگەیی.

٥ - دەستنیشانکردن و ڕێگەدان بە مۆڵەتدان بە گیانلەبەری دیکە کە لەم ڕێنماییە جۆروکاتی ڕاوکردنی دیاری نەکراوە بەپێی بارودۆخ و هەبوونی لە ژینگەدا.

٦ - هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری دیکە بەمەبەستی پێدانی مۆڵەتی ڕاو.

٧ - ئەگەر پێویستی کرد زیادکردن و سەپاندنی هەر مەرجێکی دیکە بەسەر کەسی ڕاوچی کە لەم ڕێنماییەدا ئاماژەی پێنەکراوە.

٨ - پێداچوونەوە بە پێبژاردن و کرێی خزمەتگوزاری پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی ڕاوکردن و پێدانی پسولەی هەر جۆرە ڕاوێک لە هەر وەرزێکی ڕاوکردندا .

٩ - دیاریکردنی هەر ڕێکارێکی پێویست بەم ڕێنماییە.

١٠ -دیاریکردنی جۆری چەکی ڕاوکردن و کەرەستەکانی ڕاو.

١١ -دیاریکردنی جۆر و بەهای ئـاژەڵ و باڵنـدەی کێـویی و گیـانلەبەری( ئـاویی و وشـکانی) بەهەمـوو جۆرەکانی بەمەبەستی قەرەبوکردنەوەیان لە کاتی ڕاوی نایاسایی.

١٢ -ساڵانە کاتی ڕاوی جۆری گیانلەبەرانی ڕێـگە پێـدراو دیاریـدەکات بەپێـی بـارودۆخی سروشـتی و ژینگەیی و دۆخی زیادبوونی گیانلەبەرە وشکاوی و ئاوییەکان.

١٣ -جۆری تۆڕی ڕاوی ماسی بە خەسڵەتی تایبەت دیاری دەکات.

١٤ -بۆی هەیە چاوبخشێنێتەوە بە هەر ڕێکەوتێکی دیاریکراو بەپێی بارودۆخی ژینگەیی.

١٥ -بۆی هەیە چاوبخشێنێتەوە بەهەر پێبژاردن وکرێیەکی خزمەتگوزاری لەجێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە.

## بەشی سێیەم

## کاتی دیاریکراوی ڕاوکردن و مەرج و ڕێکارەکان

**ماددەی (٤):**

ڕاوکردنی ڕێپێدراو بۆ مۆڵەت پێدراوان تەنها لەوکاتانەی کە لە خوارەوە هاتووە و دیاریکراوە دەبێت:

١ -ڕاوکردنی مراوی ساڵانە لە ٩/١٠ تاکو ٣/١٠ .

٢ -ڕاوی کەو و سوێسکە و قەتێ و کۆتر لە ٩/١٠ تاکو ٢/٢١ ی هەموو ساڵێك .

٣ -ڕاوی کەروێشك لە ١٠/١ تاکو ٢/١ ساڵانە.

٤ -ڕاوی ئاژەڵی کێوی لە ١٠/١ تاکو ١١/١٠ .

٥ -ڕاوکردنی ماسی لە ڕێکەوتی (٦/١٥ تاکو ٣/١٤).

**ماددەی (٥): مەرجەکانی ڕاوکردن:**

١ - بەدەستهێنانی مۆڵەتی ڕاوکردن و نـوێکردنەوە و وەرگرتنـی پسـولەی جـۆری ڕاوی دیـاریکراو لە فەرمانگەی ژینگەی پەیوەندیدار بەسنورەکە دەبێت.

٢ - تەنها مۆڵەت دەدرێت بە (چەکی تاپڕ و چەک)ی دیاریکراو کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

٣ - تەنها ڕێگە دەدرێت بەو کەسانەی کە مۆڵەتی ڕاو و پسولەی ڕاویان هەیە لەکات و وەرز و شوێنی دیاریکراو لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی پەیوەندیدار بەسنورەکە.

٤ - بەکار نەهێنانی قڕکەری کیمیایی و ژەهرەکان.

٥ - بەکار نەهێنانی تەزووی کارەبا.

٦ - بەکارنەهێنـانی ڕوونـاکی ئۆتۆمبێـل و ڕوونـاکی دەسـتی و بلاجکتـۆر و هەر جـۆرە ڕوونـاکییەک بەمەبەستی ڕاوکردن وەک (شەوارە).

٧ - پێویستە بۆ هەر گیانەوەر و ئاژەڵێک پسولەیەک وەربگیرێ.

٨ - بـۆ هەر تـاژییەک(تـانجی) پسـولەیەک دەدرێ و نـابێ زیـاتر لە (٢) تـاژی بەکاربێـت بـۆ ڕاوی کەروێشک.

٩ - ڕاو نەکردن لە نزیك کانیاوەکان و شوێنی ئاو خواردنەوەیان و پارێزراوە سروشتیەکان.

١٠ -ڕاونەکردن لە کاتەکانی شەو (هەموو جۆرە ڕاوکردنێك یەك کاتژمێر پێش خۆرئاوابوون و کاتژمێرێك پێش خۆرهەڵاتن قەدەغەیە).

١١ -پێویستە ژمارەی باڵندەی ڕێگەپێدراو بە ڕاوکردن لە (٥)دانە زیاتر نەبێت بۆ هەر دەرچونێکی ڕاوکردن لەلایەن ڕاوچییەوە.

١٢ -نابێ بۆ هەر دەرچوونێکی ڕاوکردن لەهەر وەرزێکی ڕاوکردندا لە دوو کەروێشک زیاتر ڕاوبکرێ.

١٣ -نابێت فراوانی خانەکانی تۆڕی ماسی گرتن لە ٦سم کەمتر بێت.

١٤ -بۆ هەر کەسێک ڕاو بە قولاب بکات نابێت ژمارەی قولابەکانی لە (٥) قولاب زیاتربێ کە بۆ هەر قولابێک پێویستە پسولەیەک وەربگرێ.

١٥ -لەهەر وەرزێکی ڕاوکردندا هەفتانە تەنها ڕۆژانی (پێنجشەممە, هەینی, شەممە) ڕاوکردن ڕێپێدراوە.

١٦ -بۆ ڕاوکردنی شیردەرەکان چەکێک مۆڵەتی پێدەدرێت کە ژمارەی کالیبرەکانی (٨*٧٥) ، ٢٧٠ ، (٠٦ – ٣٠ ) ، ٣٨٠ بێت.

١٧ -بۆ ڕاوکردنی باڵندەی کێوی و باڵندەی کەنار ئاویەکان چەکی تاپڕێک مۆڵەتی پێدەدرێت کالیبرەکەی ژمارە (١٢ و ١٦ و ٢٠) بێت.

**ماددەی (٦):**

**مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی ڕاوکردن:**

**یەکەم: زانیاری کەسی ڕاوچی:-**

١ -کەسی داواکاری مۆڵەتی ڕاو پێویستە دانیشتوی هەرێمی کوردستان بێت.

٢ -بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت پێویستە داواکاری پێشکەشی فەرمانگەی ژینگەی پەیوەندیدار بەسنورەکە بکات ، ئەمانەی خوارەوەی لەگەڵ هاوپێچ بکرێت:

أ - وێنەیەك لە ناسنامەی باری کەسێتی و ڕەگەزنامە یان کارتی نیشتمانی.

ب -کارتی زانیاری .

ج -هێنانی بەڵگەنامەی مۆڵەتی چەکی ڕاو کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ وە ڕێگە پێدراوە و ناویان هاتووە بۆ ئەم مەبەستە.

**دووەم: زانیاری پێشینەی کەسی ڕاوچی:**

دوای دروستی هەموو مەرجەکانی برگەی یەکەمی ئەم ماددە و پەسەندی داواکارییەکەی لە لایەن بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگە ئەوا پێویستە فەرمانگەی ژینگەی پەیوەندیدار بەنوسراوی خۆی داوای زانیاری بکات تایبەت بەڕاوچی لە هێزی تایبەتکراو بە پاراستنی ژینگە بەمەبەستی:

أ -دڵنیایی لە نەبوونی هیچ دۆسییەکی ڕاوی نایاسایی.

ب -تۆمارکردنی ناوی کەسی داواکاری مۆڵەتی ڕاوکردن بەمەبەستی هەبوونی زانیاری و چاودێری کردنی لە ئەگەری پێدان یان پێنەدانی مۆڵەتی ڕاوکردن .

**سێیەم: بەڵێننامەو کرێی خزمەتگوزاری:**

١ -دوای دروستی و دڵنیایی هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە، واژووکردن و پێدانی بەڵێننامە بە هۆبەی یاسایی فەرمانگەی ژینگە لە لایەن داواکارەوە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت کە پابەند دەبێت بە هەموو مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکانی تایبەت بە ڕاوکردن.

٢ -کرێی خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەت بەم جۆرەیە:

أ- وەرگرتنی کرێی خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەت (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینارە بۆماوەی چوار ساڵ.

ب - وەرگرتنی کرێی خزمەتگوزاری نوێ کردنەوەی مۆڵەت (١٢٥،٠٠٠) سەدو بیست و پێنج هەزار دینارە دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر وەرگرتنی ناسنامەی ڕاوکردن.

ج-کرێی خزمەتگوزاری بۆ هەر پسولەیەکی ڕاوکردنی ساڵانە بەو شێوەیەدەبێ:

- کرێی خزمەتگوزاری پسولەی ڕاوی باڵندە بۆ هەر ڕاوچییەک بڕی ٥٠،٠٠٠ پەنجا هەزار دەبێت.
- کرێی خزمەتگوزاری پسولەی ڕاوی کەروێشک بۆ هەر تاژییەک بڕی ٣٠،٠٠٠ سی هەزار دەبێت.
- کرێی خزمەتگوزاری پسولەی ڕاوی ماسی بڕی ٥،٠٠٠ پێنج هەزار دینار بۆ هەر قولابێک و بڕی (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار بۆ یەک تۆڕی بازنەیی هاوێشتن و بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ تۆڕێکی ١٠٠مەتری دەبێت.

**بەشی چوارەم**

**قەدەغەکراوەکان**

**ماددەی (٧):**

**ئەمانەی خوارەوە قەدەغە دەبێت:**

١ - بەکارهێنانی چەکی ڕەشاش و نیوە ڕەشاش.

٢ - بەکارهێنانی چەکی ئۆتۆماتیک و نیوە ئۆتۆماتیک .

٣ - بەکارهێنانی داو و تەڵەو تەپک.

٤ - ڕاوکردن بۆ شیردەرەکان و باڵندەکان لە کاتی دانیشتن لە سەنگەر نزیك کانیاوەکان و شوێنی ئاو خواردنەوەیان.

٥ - هەموو جۆرە ڕاوکردنێك یەك کاتژمێر پێش خۆرئاوابوون و کاتژمێرێك پێش خۆرهەڵاتن.

٦ - بە کارهێنانی ئوتۆمبێل و رووناکی دەستی یان رووناکی بەهێز.

٧ - بەکارهێنانی هەموو جۆرە داوێك و تەلە و تەپکە (خفك) و تۆڕی هەوایی باڵندە و تەزووی کارەبا مادده قڕکەرە کیمیایەکان و ژەهراوییەکان و مادە تەقینەوەکان وە بەستنی سەدد و بەربەست .

٨ - بە زیندوویی گرتنی هەموو گیانلەبەران و باڵندە کێویەکان و بەچکەکانیان.

٩ - تێکدانی هێلانەی باڵندەکان و هەڵگرتنی هێلکەکانیان.

١٠ -بە زیندوگرتنی هەموو جۆرە بازێك و باڵندە ڕاوکەرەکان قەدەغەیە.

١١ -بۆ ڕاوکردنی باڵندە جۆری (کەو،سوێسکە)تەنها بەچەکی تاپڕ بەپێی مەرجەکانی ماددەی(٥) مۆڵەت دەدرێت.

١٢ -بۆ ڕاوکردنی گیانلەبەری جۆری (کەروێشک) کە لە ماددەی (٤) ئەم ڕێنماییەدا هاتووە تەنها تاژی (تانجی) بەکار دێت.

١٣ -هەموو جۆرە ڕاوکردنێک لە ناوچەی پێشنیارکراوی پارێزراوی سروشتی ڕێگەپێنەدراوە.

١٤ -ڕاوکردنی هەریەک لەو گیانلەبەرانەی کە لە خشتەی ژمارە (١ ، ٢ ، ٣)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە قەدەغەیە و ڕێگە پێنەدراوە و لەکاتی ڕاوکردنیان بڕی ئەو سزایەی کە بەرامبەری دیاریکراوە بەسەر کەسی ئەنجامدەر دەسەپێنرێت جگە لەو گیانلەبەرانەی کە لە ماددەی ( ٤ ) ئاماژەی پێکراو بە پێ ی مەرج و ڕێکاری ئەم ڕێنماییە ڕێپێدراوە.

١٥ -ڕاوکردن لەکاتی جووت بوون و وەرزی زاوزێ کردنی گیانلەبەران و دانانی هێلکە.

١٦ -هەڵگرتنی هێلکەی باڵندەکان و خشۆکەکان و یان شکاندنی هێلکەی باڵندە و خشۆکەکەکان،تێکدانی هێلانەی باڵندە (بەتاڵ بێت یان هێلکە و بەچکەی تێیدا بێت) قەدەغەیە و ئەگەر ڕوویدا بەپێی ژمارەی هێلکەکان یان بەچکەکان نرخی باڵندەکە یان خشۆکەکەدەسەپێنرێت بەسەر ئەنجامدەرەکەیدا.

١٧ -ڕاوکردنی پڵنگ و مامز (ئاسك) و مەڕ و بەرانە کێویی و وورچ و کەمتیار و هەر یەک لە جۆرەکانی تری ئاژەڵە دەگمەنەکان کە مەترسی لە ناوچونیان لە سەرە بە پێی لیستی (IUCN )جیهانی قەدەغەیە بەمەبەستی پاراستنی هاوسەنگی ژینگەیی.

١٨ -ئەگەر گیانلەبەرانی کێوی ( ڕێوی ،گورگ ،بەراز...هتد) بونە هۆی سەرچاوەی تێکدان و زیان گەیاندن بە بەرهەمی ئاژەڵی و ڕووەکی و باخچە و کێڵگە و شینایی و باخەکان، پێویستە فەرمانگەی ژینگەی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم لێ ئاگادار بکرێتەوە و بە هاوکاری لەگەڵ بەرێوبەرایەتی کشتوکاڵ و هێزی تایبەتکراو بۆ پاراستنی ژینگە لە ناوچەکە هەوڵ بۆ چارەسەرکردن و رزگاربوون و لەناوبردنی ئەو ئاژەڵانە بدرێت.

١٩ -بەدەر لە ئەو کاتەی کە بۆ ڕاوکردن دانراوە و لە ئەم ڕێنماییەداهاتووە یان ئەو کاتەی ئەنجوومەنی کاروباری ڕاوکردن دیاریدەکات، هەموو ڕاوکردنێک (چ بە مۆڵەت یان بێ مۆڵەت) ڕێگەپێنەدراوە.

٢٠ -مۆڵەت و پسولەی ڕاو تەنها خاوەنەکەی دەتوانێ بەکاری بێنێ.

## بەشی پێنجەم
## سەرپێچییەکان و پێبژاردن

**ماددەی(٨):**

**شێوازی وەرگرتنی سزای کەسی سەرپێچیکار بەم شێوەیە:**

١ -کەسی سەرپێچیکار کە لەلایەن هێزی تایبەتکراو بە پاراستنی ژینگە دەستگیر دەکرێت ڕاستەوخۆ زانیاری پێویستی ئاراستەی فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەکرێت بۆ لێوەرگرتنی پێبژاردن لە سەرپێچیکار بەپێی بڕگەی (٣) لەماددەی (٤٢)ی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ یان ئاراستەی دادگاکان بکرێت بە مەبەستی پێبژاردن لەبەرامبەر ئەو گیانلەبەرە کێوییەی کە ڕاوی کردووە بە گوێرەی خشتەی ژمارە (١ ، ٢ ، ٣ )ی ئەم ڕێنماییە،وداهاتەکەی بۆ دەستەی ژینگە دەگەڕێتەوە.

٢ -لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی سەرپێچییەکان لە لایەن کەسانی سەرپێچیکاری ئەم ڕێنماییە ئەوا بڕی سزای سەپێنراو کە لە خشتەی ژمارە (١ ، ٢ ، ٣ )ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە دەبێت بە دوو بەرامبەر.

٣ -ئەگەر کەسێک مۆڵەتی ڕاوکردنی هەبوو و پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە ڕاوی کرد ئەوا مۆڵەتەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ مۆڵەتی پێنادرێت و بڕی سزای سەپێندراو کە لە خشتەی ژمارە (١ ، ٢ ، ٣ )ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە دەبێت بە دوو بەرامبەر.

٤ -ئەگەر چەند کەسێک ڕاوی نایاسایی بکەن ئەوا هەر یەکێکیان بڕی سزای کە لە خشتەی ژمارە (١ ، ٢ ، ٣ )ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە بەسەریاندا دەسەپێنرێت.

٥ -دەستبەسەرداگرتنی هەموو کەرستە و ماددەکانی بەکارهاتوو لە ڕاوکردنی ڕێپێنەدراو بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:

أ - زانیاری تەواوی هەموو کەرەستەکانی ڕاوکردنی دەست بەسەرداگیراو مانگانە لە لایەن (هێزی تایبەتکراو بە پاراستنی ژینگەی ناوچەکە) بە نووسراوی فەرمی و هاوپێچی کۆنووس و لیستی کەلوپەلەکان دەنێردرێت بۆ فەرمانگەی ژینگەی ناوچەکە .

ب -سەرجەم کەل و پەلی دەستبەسەرداگیراو لە ڕاوی نایاسایی دەبێتە موڵکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و دەنێردرێت بۆ فەرمانگەی ژینگەی ناوچەکە، جگە لە چەک و تەقەمەنی کە بە کۆنووسێکی نیزامی ڕادەستی لایەنی پەیوەندیداری وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت.

ج -لەکاتی ڕاوی نایاسایی دەستبەسەرداگرتنی هۆیەکانی گواستنەوەی وەکو (ئۆتۆمبێل، ماتۆڕسکیل، ئاژەڵی سواری(ئاژەڵی باری) ڕاوچی لەلایەن هێزی تایبەتکراو بۆ پاراستنی ژینگە، ڕادەستی خاوەنەکەی دەکرێتەوە دوای پێبژاردن ی لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە بەپێی خشتەی (٤)ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە.

٦ -لەحاڵەتی مانەوە(نەبردنەوە)ی ئۆتۆمبێل یان ماتۆڕسکیلە دەستبەسەرداگیراوەکە لەلایەن خاوەنەکەیەوە بۆماوەی (٦) مانگ، بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ چارەنووسی یەکلادەکرێتەوە.

٧ -لەحاڵەتی مانەوە(نەبردنەوە)ی ئاژەڵی سواری بۆماوەی مانگێک دەبێتە موڵکی هێزی تایبەتکراو بۆ پاراستنی ژینگە لە ناوچەکە، ئەگەر پێش ئەو ماوەیەش خاوەنەکەی ئاژەڵەکەی بردەوە بۆ هەر ڕۆژێک مانەوە بڕی (١٠،٠٠٠) دە هەزار دیناری لێوەردەگیرێ بۆ خەرجی ئالیکی ئاژەڵەکە لەلایەن هێزی تایبەتکراو بە پاراستنی ژینگە لە سنورەکە.

٨ -لە فەرمانگەکان دۆسیەی تایبەت بۆ ڕاوچی دەکرێتەوە، تیایدا سەرجەم زانیاری و سەرپێچیەکانی تۆماردەکرێت.

٩ -تێچووی دروستکردنی ناسنامەی ڕاو و پسولەکان لە کرێی خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەت و پسولەکان خەرج دەکرێت.

١٠ هەر پێبژاردنێک بەپێی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٤٢)ی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ زیاتر بوو لە ڕێی دادگاکان داوادەکرێت، جگە لە دوو بەرامبەربوونەوەی پێبژاردنی یەکەم لەلایەن دەستەوە.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم**: بەپێی حوکمەکانی ماددەی چل و دوو لە یاسای چاککردن و پاراستنی ژینگە لە هەرێم کوردستان - عیراق ژمارە ٨ ساڵی ٢٠٠٨سزا دەدرێت، هەرکەسێك یەكێك لەم كارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

أ - ڕاوکردنی بێ مۆڵەت و نەبوونی پسولەی ڕاوکردن یان ڕاوکردن لە دەرەوەی سنوری دیاریکراودا یانیش دوای بەسەرچونی ڕیکەوتی پسولەی ڕاوکردن.

ب -ڕاوکردن لەکاتی وەرزی زاوزێکردنی گیانلەبەران و دانانەوەی هێلکە کە لەلایەن لیژنەی ڕاو ڕادەگەیەندرێت.

ج -تیکدانی هێلانەی باڵندە.

د -هەناردەکردنی گیان لەبەرانی کێوی بۆ دەرەوەی هەرێم بەبێ ڕەزامەندی فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە.

ه - هەر فەرمانبەرێکی ژینگە یان هەر تاکێکی هێزی تایبەتکراو بە پاراستنی ژینگە هەڵبستێت بە ڕاوکردنی گیانلەبەران یان هاوبەشی بکات بە بەکارهێنانی سیفەتە فەرمانبەرییەکەی سزاکەی دووبەرامبەر دەبێت.

**دووەم**: دیاریکردنی پێبژاردن بە پێی خشتەی هاوپێچکراو لەگەڵ ئەم ڕێنماییەدا سەبارەت بەو گیانلەبەرانەی ناویان هاتووە.

**سێیەم:** سزاکە دوو بەرامبەر دەبێت لەکاتی دووبارەکردنەوەی کارەکە یان ڕاوکردن لەناوچەی پارێزراوی سروشتی یان ئەو ناوچانەی پێشنیازکراون بۆ پارێزراوی سروشتی.

**چوارەم:** دەستبەسەرداگرتنی هەموو کەرستە و ماددەکانی بەکارهاتوو لە ڕاوکردنی ڕێپێنەدراو دادەگیرێت، وە مادده تەقێنەرەکان وەکو چەکی نایاسی (ڕێپێنەدراو) بەپێی کۆنوسی نیزامی ڕادەستی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت.

**پێنجەم:** دەستپێکی ڕاوی نایاسایی (الشروع بالصید).

## بەشی شەشەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (١٠):**

١ - ماوەی مۆڵەت چوار ساڵ دەبێت لە ڕۆژی دەرچوونی ناسنامەی ڕاوچی.

٢ - پێویستە خاوەن مۆڵەتی ڕاو ساڵانە بۆ هەر وەرزێکی ڕاو و هەر جۆرە ڕاوێک پسولەی تایبەت بەڕاو وەربگرێت.

٣ - ڕێگە پێدان و قەدەغەکردن و پێدانی پسولەی ڕاوکردن لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە بۆ هەر وەرز و ساڵێك بەپێی بارودۆخ دەبێت.

٤ - پێویستە لەکاتی راوکردن نرخ و جۆری ئاژەڵی ئاماژە پێکراو دیاری بکرێت بە پێی دیاریکردنی ئەنجومەنی کاروباری ڕاوکردن.

٥ - هۆبەی یاسایی بە هەماهەنگی هۆبەی گۆڕانکاری کەش و هەوا و ژینگەی سروشتی لە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم رێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی ڕاوکردن بە گوێرەی ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکەن.

٦ - کار بە هیچ مۆڵەتێکی دیکەی ڕاوکردن ناکرێت تەنها ئەو مۆڵەتە نەبێت کە لە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم دەدرێت.

٧ - ئەنجومەنی کاروباری ڕاوکردن دەتوانێت ساڵانە ناوچەیەک یان چەند ناوچەیەک دیاری بکات بەمەبەستی ڕێگری کردن لە ڕاوکردن تێیدا ئەمەش لەپێناو پاراستنی هاوسەنگی سروشتی ژینگەی ناوچەکە.

٨ - سەپاندنی پێبژاردنی دارایی بۆ هەر سەرپێچیکارێک بەپێی هەرچوار خشتەی هاوپێچ دەبێت لەلایەن بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندیدارەوە.

٩ - کڕین و فرۆشتن و بازرگانی کردنی گیانلەبەری کێوی بەپێی ڕێنماییەکانی دەستە و ڕێککەوتننامەی سایتس دەبێت.

١٠ -پێویستە زیادکردنی باڵندەوگیانلەبەرانی کێوی لە ڕێی پیتاندنی دەستکردەوە بە ڕەزامەندی هەریەکە لە فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڤێرتێرنەری و سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بێت.

١١ -پێویستە ئازادکردنی گیانلەبەران و باڵندەی کێوی و خشۆکەکان لەلایەن هەر لایەن و ڕێکخراوێك، بەڕەزامەندی فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەبێت.
١٢ -ئەو ئـاژەڵ و باڵنـدانەی لەکـاتی ڕاوی نایاسـایی بە مردوویـی لەلایەن هێـزە تایبەتکراوەکـان بە پاراستنی ژینگە دەستیان بەسەردا دەگیرێ لەلایەن خۆیانەوە سودی لێوەردەگیرێ و ئەو ئاژەڵ و باڵنـدانەی بە زینـدوویی دەسـتی بەسـەردادەگرن پێویسـتـە بە ئاگـاداری و لە ژێـر چـاودێری فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە دوای پشکنین و چارەسەر بگەڕێندرێتەوە سروشت.
١٣ -پێدانی مۆڵەتی راوکردن لەلایەن فەرمانگەی ژینـگەی پارێزگـاو ئیـدارە سـەربەخۆکان، بەجۆرێـك ڕاوکردنەکە لە سنوری ئەو پارێزگایە یان ئیدارە سەربەخۆکە دەبێت کە مۆڵەتەکەی پێداوە.
١٤ -پێدانی هەر پسولەیەکی ڕاوکردن تەنها بۆ یەک وەرزی ڕاوکردن و بۆ یەك جۆر گیانلەبەر دەبێت.
١٥ -پێویستە فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە وەڵامی داوای مۆڵەتی ڕاو بـداتەوە، لەمـاوەی ٢٠ رۆژ دوای ووردبینی لە رۆژی وەرگرتنی داواکارییەکە.
١٦ -هەموو ئامرازەکان و کەل و پەلی دەستبەسەرداگیراو لە ڕاوی نایاسایی دەبێـتە مـوڵکی دەسـتەی ژینگە جگە لە چەک و تەقەمەنی دەگەڕێتەوە وەزارەتی ناوخۆ.
١٧ -ڕێکاری پێدانی مۆڵەتی ڕاوکردن بە کەسانی بیانی بەدەر لەم ڕێنماییە و بەشێوەی کاتی لەدیـوانی دەستە دەدرێت دوای پشتگیری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم.
١٨ -پێویستە سەرجەم فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان تۆمارێکی تایبەت بە ڕاوکردنیان هەبێ تەواوی زانیارییەکانی تێدا تۆماربکرێ و کە تایبەتە بەڕاوچی و ڕیکاری ڕاوکردن بەگشتی.
١٩ -ساڵانە بەپێی پێویست لەلایەن دەستەوە ناسنامەی مۆڵەت و جۆرەکانی پسولەی ڕاو چاپ دەکرێ و دەدرێت بە فەرمانگەکان.

**ماددەی (١١):**

١ - لەنـاوبردنی هەڕەمەکـی گیـانلەبەرانی کێـوی وەکـو ( رێـوی و گـورگ بەراز...هتـد) بەپاسـاوی زیانگەیاندن بەکشتوکاڵ و گیانلەبەری ماڵی دەبێتە سەرچاوەی تێکدان و زیان گەیاندن بە بەرهەمی گیـانلەبەری و ڕووەکـی بـۆیە پێویسـتە ڕێکخسـتنی ژمـارەو وەچەخسـتنەوەیان بەهەمـاهەنگی و هاوبەشی و هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو و وەزارەتـی نـاوخۆ بڕیـاری لێبدرێ.
٢ -ئەنجوومەنی کاروباری ڕاوکردن سزای پێبژاردن بەپێی جۆر ودەگمەنی لەسروشت و هاوشێوەیی بۆ ئەو گیانلەبەرە کێویانە دیاری دەکات کە لەخشتەی ژمارە(١ ،٢، ٣)ی ئەم ڕێنماییە دیارینەکراوە.

**ماددەی (١٢):**

١ -هاریکاری لە نێوان هێزەتایبەتکراوەکان بۆ پاراستنی ژینگە و دەستەی ژیـنگەو گشـت دام و دەزگـا سەربازییەکانی تر، بەمەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکان و هەڵسـوکەوت کـردن لەگەڵ سـەرپێچی کارانی ئەم ڕێنماییە.

٢ -هێزە تایبەتکراوەکان بۆ پاراستنی ژینگە چاودێری ڕاوی نایاسایی دەکەن.
٣ -نابێ هیچ تاکێک لە هێزە تایبەتکراوەکان بۆ پاراستنی ژینگە مۆڵەتی ڕاوکردنیان پێ بدرێت.
٤ -پێویستە هێزە تایبەتکراوەکان بە پاراستنی ژینگە مانگانە زانیاری پێویست لەسەر چالاکیەکانیان و ڕاوکردن بەگشتی لەسنورەکەیان بە ڕاپۆرتێک بۆ فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی بنێرێت.

**ماددەی (١٣):**

ڕێگە دەدرێت بەو لایەنانەی پسپۆڕن بە توێژینەوەی زانستی لەسەر ژینگە و گیانلەبەران و باڵندەی کێوی و یان هەڵگرتنی هیلکەی باڵندە و خشۆکەکان کە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆلینەوە زانستییەکانیان بەدەر لە ئەم ڕێنماییە کار بکەن بە مەرجێک هەموو زانیاری سەبارەت بە توێژینەوە و جۆر و ژمارەی گیانلەبەران و هەر زانیارییەکی دیکە ئاراستەی فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی ژینگەیی و مۆڵەتدان لە لایەن دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

**ماددەی (١٤):**

ئەو بڕە پارانەی بەدەست دەهێنرێت لە پێبژاردن و کرێی خزمەتگوزاری و پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی ڕاوکردن و پێدانی پسولەی ساڵانە ، لە لایەن دەستە وەک داهات هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (١٥):**

جگە لەو سزایانەی لەم ڕێنماییەدا هاتووە وباسکراوە، ئەگەر پێویستی کرد ڕێکاری یاسایی دیکە دەگیرێتەبەر بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٢) یاسای ژمارە ٨ ساڵی ٢٠٠٨ یاسای چاککردن و پاراستنی ژینگە لە هەرێم کوردستان-عیراق و هەر یاسایەکی دیکەی بەرکاری پەیوەندیدار.

**ماددەی (١٦): خشتەی ژمارە (١ ، ٢ ، ٣) بەشێکە لە ئەم ڕێنماییە بەم شێوەیە:**

-خشتەی ژمارە (١)ناوی ئەو گیانلەبەرە کێویانەیە کە ڕاوکردنیان قەدەغەیە و بڕی سزاکانیان لە کاتی ڕاوکردنیان بەرامبەری دیاریکراوە .
-خشتەی ژمارە( ٢) ناوی ئەو باڵندە کێویانەیە کە ڕاوکردنیان قەدەغەیە و بڕی سزاکانیان لە کاتی ڕاوکردنیان بەرامبەری دیاریکراوە .
-خشتەی ژمارە( ٣) ناوی ئەو خشۆکانەیە کە ڕاوکردنیان قەدەغەیە و بڕی سزاکانیان لە کاتی ڕاوکردنیان بەرامبەری دیاریکراوە .

**ماددەی (١٧):**ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ ی تایبەت بە ڕاوکردن هەڵدەوشێتەوە .

**ماددەی (١٨):**

ئەم ڕێنمایە لەڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار/ عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**

## خشتەی (١): ئاژەڵە کێویەکان (الحيوانات البرية)

| ژ | ناوی کوردی | ناوی عەرەبی | ناوی ئینگلیزی | ناوی زانستی | نرخی یەك دانە بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|
| | الاسم الكردى | الاسم العربى | الاسم الانجليزى | الاسم العلمى | سعر العدد الواحد بالدينار |
| ١ | پڵنگ | نمر | Leopard | Panthera pardus | ٢٠ ملیۆن |
| ٢ | تاژ پڵنگ | فهد | Cheetah | Acinonyx jubatus | ٢٠ ملیۆن |
| ٣ | وورچی قاوەیی | الدب البنى | Brown Bear | Ursus arctos | ٢٠ ملیۆن |
| ٤ | وورچی ڕەش | الدب الاسودالاسيو | Asian Black Bear | Ursus thibetanus | ٢٠ ملیۆن |
| ٥ | شقر – شوكا- شور | انثى الايل | Roe Deer | Capreolus capreolus | ٢٠ ملیۆن |
| ٦ | ئاسك | غزال | Jebeer Gazelle | Gazella bennettii | ١٥ مليون |
| ٧ | مامز | غزال | Goitered Gazelle | Gazella subgutturosa | ١٥ ملیۆن |
| ٨ | مەڕ و بەرانی کێوی | الخروف البرى | Wild Sheep | Ovis orientalis | ١٥ ملیۆن |
| ٩ | کەڵ و بزنە کێوی | الماعز البرى | Wild Goat | Capara aegagrus | ١٠ مليون |
| ١٠ | پشیلەی کێوی | القط الوحشى | Wild Cat | Felis i silvestris | ٥ ملیۆن |
| ١١ | پشیلەی کاراکال | القط الوشق | Caracal | Caracal caracal | ٥ ملیۆن |
| ١٢ | بەراز | خنزير | Wild Boar , pig | Sus scrofa | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ١٣ | ڕێوی بیابان | ثعلب الرمل | Sand Fox | Vulpes rueppellii | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ١٤ | ڕێوی | ثعلب | Common Fox | Vulpes vulpes | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ١٥ | سمۆره | سنجاب | Persian Squirrel | Sciurus anomalus | ٠٠٠,٥٠٠ |
| ١٦ | سەگی ئاوی | الكلب المائى | European Otter | Lutra lutra | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ١٧ | کەمتیار | ضبع | Striped Hyaena | Hyaena hyaena | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ١٨ | گورگ | ذئب | Wolf | Canis lupus | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ١٩ | چەقەڵ - تورگ | واوى | Golden Jackal | Canis dureus | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠ | سیخوڕ | دعاج | Indian Crected Porcupine | Hystrix indica | ٢٠٠,٠٠٠ |
| ٢١ | کەروێشك | الارنب | European Hare | Lepus europaeus | ٢٠٠,٠٠٠ |
| ٢٢ | مشکی خورما | فأر التمر | Indian Grey Mongoose | Herpestesed wardsii | ٢٠٠,٠٠٠ |
| ٢٣ | قارابەشە-گورکەن | | European Badger | Meles meles | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٢٤ | ژیژك - ژوشک | القنفذ | Brandts Hedgehog | Paraechinus hypomelas | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٢٥ | خشۆکەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە | الزواحف بانواعها | | | ١٠٠,٠٠٠ |

## خشتەی (٢): باڵندە کێویەکان (الطيور البرية)

| ز | ناوی کوردی / الاسم الكردى | ناوی عەرەبی / الاسم العربى | ناوی ئینگلیزی / الاسم الانجليزى | ناوی زانستی / الاسم العلمى | نرخی یەك دانە بە دینار / سعر العدد الواحد بالدينار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شەهێن | شاهين | Peregrrine Falcon | Falco peregrinus | ١٠ مليون |
| ٢ | باڵەبان | الصقر الغزال | Saker Falcon | Falco cherrug | ١٠ مليون |
| ٣ | سێ کوژە | شاهين مغربى | Barbay Falcon | Falco pelegrinoides | ١٠ مليون |
| ٤ | لەیل | شويهين (البيق) | Hobby | Falco subbuteo | ١٠ مليون |
| ٥ | لاجین | الصقر الحر | Lanner falcon | Falco biarmicus | ١٠ مليون |
| ٦ | هەموو جۆرەکانی هەڵۆ- بازەکان – باشوکەکان- شەهێنەکان- دالاشەکان- شەم قارەکان- هەلۆیەکان-هەڵۆی ماسی گیر | انواع الشاهين – الصقور - النسور | | | ١٠ مليون |
| ٧ | چرك | حبارى | Houbara Bustard | Chlamydotis undulata | ٥ مليون |
| ٨ | قوی بێدەنگ | التم الصامت | Mute Swan | Cygnus olor | ٤ مليۆن |
| ٩ | هەموو جۆرەکانی قوو | | | | ٣ مليۆن |
| ١٠ | فلامینکو (سوورە قورینگ) | النعام الكبير | Greater Flamingo | Phoenicopterus roseus | ٤ مليۆن |
| ١١ | شینە قورنگ | الكركرى الرمادى | Common Carne | Grus grus | ٤ مليۆن |
| ١٢ | کەڵك سپی | البجع الابيض | Pelican White | Pelrcanus onocrotalus | ٥ مليۆن |
| ١٣ | کەوی دەری | تدرج الثلج القزوينى | Snowocok | Tetraogallus caspius | ٥ مليون |
| ١٤ | بوکەس | الوزة الحمراء | Red brerasted Goose | Branta ruficollis | ٢ مليون |
| ١٥ | هەموو جۆرەکانی قاز | انواع الوزة | | | ٢ مليۆن |
| ١٦ | سوورەقانك | بط ابو فروة | Ruddy Shelduck | Tadorna ferruginea | ١ مليۆن |
| ١٧ | هەموو جۆرەکانی مراوی | انواع البط | | | ١ مليۆن |
| ١٨ | پۆر | حجل او درج اسود | Black Francolin | Francolinus francolinus | ١ مليۆن |
| ١٩ | حاجی لەق لەق | لقلق ابيض | White Stork | Ciconia ciconia | ١ مليون |
| ٢٠ | هەموو جۆرەکانی مراوی | | | | ١ مليۆن |
| ٢١ | زرە پۆڕ | حجل درج رمادى | Grey Partride | Francolinus pondicerianus | ٥٠٠،٠٠٠ |
| ٢٢ | مریشکە کێوی | طهويج اسو قفقازى | Caucasian Black | Lyrurus | ٥٠٠،٠٠٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | grouse | Mlokosiewiczi | |
| ٢٣ | قشقەڵە سوورە | العقع الاحمر | Pleskes Groundjay | Podoces pleskie | ٥٠٠،٠٠٠ |
| ٢٤ | مراوی سەرسپی | ابو مروحة – بط ابيض | White Headed Duck | Oxyura Leucocephala | ٤٠٠،٠٠٠ |
| ٢٥ | مینا | مينة اعتيادى | Common Mynah | Acridotheres tristis | ٤٠٠،٠٠٠ |
| ٢٦ | ئەحمەد راوکەر دەندەك بارێك | الكراونى الماء رفيح المنقار | Slender – billed Curlew | Numenius tenuirostris | ٣٠٠،٠٠٠ |
| ٢٧ | جۆرەکانی تری قاز – قازی دندوکزەرد- قازوومە- قژاوکە- قشقەڵە-قەڵەبەکە- قەلەرەشە | ٢٠٠،٠٠٠ | | | |
| ٢٨ | مراوی سپیلکە | شرشير الخطط | Marbled Teal | Mamaronetta angustirostris | ٠٠٠,٢٠٠ |
| ٢٩ | کەو | الحجل الرمادى - القبج | chukar | Alectoris chukar | ٢٠٠،٠٠٠ |
| ٣٠ | زەرکەو | الحجل | Common partridge | Perdix perdix | ٢٠٠،٠٠٠ |
| ٣١ | سوێسکە | الحجل سى سى | See-see prtiridge | Ammoperdix grisoegularis | ٢٠٠،٠٠٠ |
| ٣٢ | هەموو جۆرەکانی کۆتر- کۆترە گایە-کۆترە نەخشینە-قومری رۆژهەڵاتی انواع الحمام | ٢٠٠،٠٠٠ | | | |
| ٣٣ | ڕەشۆڵە | الزرزورالشائع | Starling | Sturnus Vulgaris | ٢٠٠،٠٠٠ |
| ٣٤ | هەوێردە | السمان(السلوى) | Quail | Coturnix coturnix | ١٥٠،٠٠٠ |
| ٣٥ | کوڕ کوڕەی بەرزگ خەیی | قطا ليشتنستين | Lichtensteins Sandgrouse | Pterocles lichtensteinii | ١٥٠،٠٠٠ |
| ٣٦ | هەموو جۆرەکانی قەتێ | | | | ١٥٠،٠٠٠ |
| ٣٧ | کۆترە شینە | حمام جبلى | Rock Dove | Columba Livia | ١٥٠،٠٠٠ |
| ٣٨ | بلبل خورما | بلبل التمر | Nhitc-eared bulbul | Himalayan bulbul | ١٠٠،٠٠٠ |
| ٣٩ | تاوسە (مریشکی زەلکاو) | ارجوانى(البرهان) فر فر (سحنون) | Purple Gallinule | Porphyrio Porphyrio | ١٠٠،٠٠٠ |
| ٤٠ | بوکە سور | طائر الحسون | Coldfinch | Carduelic | ١٠٠،٠٠٠ |
| ٤١ | هەموو جۆرەکانی تری باڵندە بچووکەکان | | | | ١٠٠،٠٠٠ |

## خشتەی (٣): برمائیات (وشکاوەکیەکان)

| ژ | ناوی کوردی<br>الاسم الکردی | ناوی عەرەبی<br>الاسم العربی | ناوی ئینگلیزی<br>الاسم الانجلیزی | ناوی زانستی<br>الاسم العلمی | نرخی یەك دانە بە دینار<br>سعر العدد الواحد بالدینار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ...................... | رفش | ...................... | Refetus euphraticus | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ٢ | ...................... | بز | ...................... | Barbus esocinus | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ٣ | ...................... | سمك اعمى | ...................... | Caecocypris bsimi | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ٤ | ...................... | جصان | ...................... | Barbus kersin | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ٥ | ...................... | اكانثوبراما | ...................... | Acanthobrama centisquama | ٢٠٠,٠٠٠ |
| ٦ | ...................... | النوع | ...................... | Albumoides bipunctatus | ٢٠٠,٠٠٠ |
| ٧ | ...................... | بني | ...................... | Barbus sharpeyi | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٨ | ...................... | كطان | ...................... | Barbus xanthopterus | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٩ | ...................... | شبوط | ...................... | Barbus grypus | ١٠٠,٠٠٠ |
| ١٠ | ...................... | بلعوط الملكي | ...................... | Chondrostoma regium | ١٠٠,٠٠٠ |
| ١١ | ...................... | برعان هجين | ...................... | Leuciscus spurius | ١٠٠,٠٠٠ |
| ١٢ | ...................... | سمك اعمى | ...................... | Typhlogarra widdosoni | ١٠٠,٠٠٠ |
| ١٣ | ...................... | حمري | ...................... | Barbus luteus | ١٠٠,٠٠٠ |

## خشتەی (٤)

لەکاتی ڕاوی نایاسایی دەستبەسەرداگرتنی هۆیەکانی گواستنەوەی وەکو (ئۆتۆمبێل، ماتۆڕسکیل, ئاژەڵی سوار)ی ڕاوچی لەلایەن هێزی تایبەتکراو بۆ پاراستنی ژینگە، ڕادەستی خاوەنەکەی دەکرێتەوە دوای پێبژاردن ی لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە بەو شێوەیە:

| ژ | جۆری هۆیەکانی گواستنەوە | بڕی پێبژاردن | |
|---|---|---|---|
| ١ | ئۆتۆمبێل | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار. |
| ٢ | ماتۆڕسکیل | ٢٠٠,٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار. |
| ٣ | ئاژەڵی سواری | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار. |

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٩٤٢٩ لە ٢٠٢٣/٤/١١**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەت بە هێنانە کایەی گوندی (دارە ڕەش)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ ی هەمواركراو و نووسراوەكانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٤٥ لە ٢٠٢٣/١/٥) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارماندا بە :
هێنانە کایەی گوندی (دارە ڕەش) سەر بە ناحیەی تانجەرۆ /قەزای مەڵبەندی سلێمانی بە ڕووبەری (٣٨، ٩، ٤) دۆنم لەسەر بەشێك لە پارچە زەویەكانی ژمارە (٥٩/ بە ڕووبەری (٤، ٢٤، ١) دۆنم و (٦٣بە ڕووبەری ١،١٧،١٥) دۆنم و (٦١ بە ڕووبەری ١٤،١٩) ئۆلك و (٧٤ بە رووبەری ١٢٥٠)م$^2$ كە دانراوە بۆ خوێندنگە و (٧٤ بە ڕووبەری ٤) ئۆلك لە كەرتی (٤٠/گەدان ) وەك لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگا ی سلێمانی دا هاتووە بەپێی یاسا كاری كوژانەوە و دەست هەڵگرتن بكرێت
ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) كاری پێ دەكرێت

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی**

**ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارمادا بە:

١ - کردنەوەی بنکەی (ڕاهێنانی پیشەیی چەمچەماڵ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی / بەڕێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی/سلێمانی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ.

٢ - ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**بەیانی**

**ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ /پارێزگای سلێمانی /قایمقامیەتی قەزای بازیان ژمارە (٣١٩) لە ٢٠٢٣/٢/٦ بڕیارماندا بە:

١ - هێنانە کایەی (استحداث) کردنەوەی (بەشی دەستەبەر کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/بازیان) سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی /بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران /سلێمانی بۆ ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانی یاسایی لەو بەڕێوەبەرایەتیە.

٢ - ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی**

**ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

-کردنەوەی (سەنتەری دهۆك تایبەت بە نەخۆشیەکانی سینگ و هەناسە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.

-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/٣٠.

**بەیانی**

**ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

-کردنەوەی (سەنتەری دهۆك تایبەت بە نەشتەرگەری منداڵان ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.

-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/٢٨.

**بەیانی**

**ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

-کردنەوەی (بەشی گرێ بەستە گشتیی یەکان) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین.

-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/٣٠.

**بەیانی**

**ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

-کردنەوەی (هۆبەی ڕاهێنان و هۆشیاری دایکان) لە نەخۆشخانەی منالبون و منالانی هەڵەبجە سەر بە بەڕێوەبەریەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە.

-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/٣٠.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٨) لسنة ٢٠٢٣**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١) بتاريخ ٢٠٢٣\٣\١، قررنا إصدار:

**القانون رقم (٨) لسنة ٢٠٢٢**
**قانون ضبط البضائع المهربة والممنوع التعامل بها في إقليم كوردستان – العراق**

**المادة (١):**
يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزائها:-
**أولا:** الإقليم: إقليم كوردستان - العراق.
**ثانيا:** المجلس: مجلس وزراء الإقليم.
**ثالثا:** البضائع المهربة: استيراد وتصدير أو إدخال وإخراج أي بضاعة، خارج القوانين والضوابط المعمولة بها في الإقليم دون تنفيذ التزامات الرسوم والضرائب الكمركية.
**رابعا:** البضائع الممنوعة: أي بضاعة يمنع التعامل بها وتداولها في الأسواق الداخلية للإقليم عن طريق الجهات ذات العلاقة بموجب القوانين النافذة في الإقليم.
**خامسا:** اللجنة: اللجنة المختصة المشكلة بموجب أحكام هذا القانون.

**المادة (٢):**
تخول وزارتا الداخلية وشؤون البيشمركة وجهاز آسايش الإقليم والمديرية العامة للكمارك سلطة ضبط:-
**أولا:** البضائع المعدة للتهريب مع الوسيلة المستخدمة في نقلها.
**ثانيا:** البضائع الممنوعة مع الوسيلة المستخدمة في نقلها.

**المادة (٣):**
**أولا:** تشكل في كل محافظة وإدارة مستقلة لجنة برئاسة نائب المحافظ أو نائب المشرف على الإدارة المستقلة، وعضوية ممثل عن كل من وزارات الداخلية، شؤون البيشمركة، المالية والاقتصاد، التجارة والصناعة، الزراعة والموارد المائية، الصحة، جهاز آسايش الإقليم والإدعاء العام.
**ثانيا:** تتولى اللجنة المهام الآتية:-
١ -تسلم البضائع المضبوطة بموجب أحكام المادة (٢) من هذا القانون.
٢ -تقدير قيمة البضائع المضبوطة وفق سعر السوق بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

٣ -تسليم البضائع المضبوطة للدائرة المعنية.

٤ -مصادرة وبيع البضائع المضبوطة التي تقل قيمتها عن (٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة ملايين دينار، وتوزيع بدلها بموجب أحكام هذا القانون، وإحالة البضائع التي تزيد قيمتها على ذلك إلى المحكمة الكمركية المختصة.

٥ -يكون بيع الأموال المضبوطة بالمزايدة العلنية بموجب أحكام القانون رقم (١) لسنة ٢٠٢١ قانون بيع وإيجار أموال الدولة في إقليم كوردستان - العراق، إذا ثبت للجنة أنها بضائع مهربة أو معدة للتهريب.

٦ -بيع وسيلة نقل البضائع المضبوطة بالمزايدة العلنية بموجب أحكام القانون النافذ في الإقليم، بعد اكتساب الحكم الصادر في الدعوى المتعلقة بالبضائع المضبوطة درجة البتات.

٧ -إحالة المهرب والشخص الذي يتعامل بالبضائع الممنوعة وسائق وسيلة نقل البضائع المضبوطة ومن أشترك معهم إلى المحكمة الكمركية المختصة ولا يطلق سراحهم من التوقيف إلا بعد صدور حكم بات في الدعوى.

٨ -صرف المكافآت والمبالغ الواردة في المادتين (٥) و(٦) من هذا القانون إلى مستحقيها بعد اكتساب الحكم درجة البتات.

**ثالثا:** يخول رئيس اللجنة سلطة تطبيق حكم المادة (١٩٤/أولاً/ب) من قانون الكمارك رقم (٢٣) لسنة ١٩٨٤، لأغراض تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٤):**

تحال البضائع المستوردة أو المصدرة تهريباً والواردة في المادة (١٩٥/أولاً) من قانون الكمارك النافذ والبالغة قيمتها (٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة ملايين دينار فما فوق إلى المحكمة الكمركية المختصة.

**المادة (٥):**

**أولا:** يمنح المخبرون والأشخاص الذين يقومون بالكشف عن البضائع المهربة أو الممنوعة أو ضبطها مكافأة مالية بنسبة (٢٠%) عشرين من المائة من بدل أو قيمة البضائع المصادرة، بعد صدور الحكم البات من قبل المحكمة المختصة.

**ثانيا:** توزع المكافأة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة وفقاً للنسبتين الآتيتين:-

١ -(٥٠%) خمسين من المائة للمخبر.

٢ -(٥٠%) خمسين من المائة للأشخاص الذين قاموا بالكشف عن البضائع وضبطها.

**ثالثا:** في حالة عدم وجود مخبر يمنح الأشخاص الذين قاموا بالكشف عن البضائع وضبطها كامل مبلغ المكافأة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

**رابعا:** تقيد نسبة (٨٠%) ثمانين من المائة من قيمة البضائع المصادرة بموجب أحكام هذا القانون إيراداً نهائياً لحساب الخزينة العامة.

**المادة (٦):**

**أولا:** تتحمل وزارة المالية والاقتصاد مبالغ المكافآت المصروفة بموجب أحكام المادة (٥) من هذا القانون بالنسبة للبضائع غير القابلة للبيع والتي يتم إتلافها من قبل وزارة التجارة والصناعة.

**ثانيا:** لوزارة التجارة والصناعة التصرف بالبضائع المهربة أو الممنوعة بتصديرها أو إتلافها بموجب أحكام القوانين النافذة في الإقليم.

**المادة (٧):**

**أولا:** تودع مبالغ بدل بيع البضائع المشمولة بأحكام هذا القانون لدى أحد المصارف الحكومية باسم اللجنة إلى حين اكتساب الحكم في الدعوى المتعلقة بتلك البضائع درجة البتات.

**ثانيا:** يتم التصرف بالبدل الوارد في الفقرة (أولا) من هذه المادة بعد اكتساب الحكم الصادر في الدعوى المتعلقة بالبضائع المصادرة درجة البتات، على الوجه الآتي:-

١ -إذا حكم بمصادرة البضائع يتم التصرف بها بموجب القوانين النافذة في الإقليم.

٢ -إذا حكم بإعادة البضائع إلى مالكها يعاد بدل البيع إليه وتعاد وسيلة النقل إلى مالكها.

٣ -تقيد فوائد مبالغ بدل البضائع الواردة في الفقرة (أولا) من هذه المادة والمودعة لدى المصرف، باسم البلدية المعنية في المحافظة والإدارة المستقلة.

**المادة (٨):**

تنظر المحكمة الكمركية المختصة في الدعاوى المشمولة بأحكام هذا القانون بصورة مستعجلة.

**المادة (٩):**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٠):**

يصدر وزير الداخلية بالتنسيق مع وزير المالية والاقتصاد التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١١):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٢):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

من أجل منع التهريب وبغية مصادرة البضائع الممنوع التعامل بها في الأسواق الداخلية، ولغرض كشف الجرائم المشمولة بأحكام هذا القانون، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٣/ ٤/ ٢٠٢٣**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٦) لسنة ٢٠٢٣**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١) بتاريخ ٢٠٢٣\٣\١، قررنا إصدار:

**القانون رقم (١١) لسنة ٢٠٢٢**
**قانون التعديل الأول لقانون حماية وتحسين البيئة**
**في إقليم كوردستان - العراق رقم (٨) لسنة ٢٠٠٨**

**المادة (١):**

يعدل نص المادة (الثانية والأربعون) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:-

**أولاً:** مع عدم الإخلال بأية عقوبة أشد تنص عليها القوانين الأخرى، يعاقب المخالف لأحكام هذا القانون أو الأنظمة أو التعليمات الصادرة بموجبه، بالحبس لمدة لا تقل عن (١) شهر واحد أو بغرامة لا تقل عن (١٥٠,٠٠٠) مائة وخمسون ألف دينار ولا تزيد على (٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) مائتي مليون دينار أو بكلتا العقوبتين.

**ثانياً:** تضاعف العقوبة المنصوص عليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة عند العود للجريمة.

**ثالثاً:** لرئيس الهيئة أو من يخوله في مديريات دوائر البيئة في المحافظات والإدارات المستقلة التي وقعت فيها المخالفة، فرض أية غرامة منصوص عليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة على أن لا تزيد على (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار.

**المادة (٢)**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٣)**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٤)**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

نظراً للمستجدات الحاصلة بعد صدور القانون في سنة ٢٠٠٨، ولإعادة تنظيم العقوبات الواردة في القانون بما يؤدي إلى الالتزام بأحكامه، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٣/ ٤ /٢٠٢٣**